*Journal of Language Studies* Vol.8, No.3, 2024, Pages (111-135)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.3.7

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Keyfi, his life and works in the Ottoman Archives

**Hemin Omar Ahmad** *
**Faculty of Arts, Soran University**
**Heman.o.ahmad@su.edu.krd**

**Received:** 14 / 1 /2023, **Accepted:** 19 /2 /2023, **Online Published: 31/ 3 /2024**

## Abstract

Research on the history of Kurdish literature requires more efforts. Especially all those poets who have left behind little material and little has been written about them. For various reasons, the Kurds have not been able to rewrite their literary history completely and accurately. In this respect, new information about them is gradually going to be revealed through the workings on uncovering the manuscripts of the world archives. Although the nineteenth century is the richest century in the history of literature, it has the most shortcomings on the lives and works of our poets. This research entitled (Keyfi, his life and works in the Ottoman Archives) has tried to reveal several aspects of this poet's life through the Ottoman and Western archives, especially revealing part of his life in Mosul, Istanbul, and his work as a translator, lawyer, linguist and journalist. Additionally, the study reveals the time and the place of his death, and investigates his relationship with Kurdish poets and his reflection in Kurdish journalism during the Ottoman period. This study resolves some

* **Corresponding Author**: Hemin Omar**, Email:** Heman.o.ahmad@su.edu.krd
**Affiliation**: Soran University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

of the debates that existed in the past century about the life of this poet and with this new information fills a gap in the biography of Keyfi in the history of Kurdish literature.
**Key Word**: Haji Qadir Koyi, Istanbul, Keyfi Jawanroyi, Kurdish Poetry, Ottoman Journalism, Translation

# کەیفی؛ ژیان و بەرهەمی لە ئەرشیفی عوسمانیدا

أ.م.د.هيمن عمر احمد

**كلية الاداب، جامعة سوران**

**الـمـسـتـخـلـص**

البحث في تاريخ الأدب الكردي يتطلب مزيداً من الجهود والاهتمام، خاصةً الشعراء الذين تركوا وراءهم نتاجاً قليلاً، وكُتب عنهم شيء يسير، ولم يستطع الكرد كتابة تاريخهم الأدبي بشكل كامل ودقيق لأسباب مختلفة، ولكن عن طريق كشف المخطوطات والعمل في مراكز أرشيفية في دول مختلفة يتبيّن لنا معلومات جديدة. على الرغم من أن القرن التاسع عشر هو أغنى قرن في تاريخ الأدب الكردي، إلا أنّ هناك قصوراً من حيثيات عدة في دراسة حياة شعرائنا والبحث في أعمالهم ونتاجاتهم. حاول هذا البحث المسمى بـ(**كيفي، حياته وآثاره في الأرشيف العثماني**) الكشف عن جوانب عديدة من حياة هذا الشاعر من خلال أرشيفي العثمانية والغربية، لا سيما الكشف عن جزء من حياته في الموصل وإسطنبول، إذ عمل هناك مترجمًا ومحاميًا ولغويًا و صحافيًا، ومن جهة أخرى يبحث في وقت ومكان وفاته، وعلاقته بالشعراء الكرد، وانعكاس تصوراته وطروحاته في الصحافة الكردية في العهد العثماني. كما يحسم هذا البحث بعض النقاشات التي دارت في القرن الماضي حول حياة هذا الشاعر، وبهذه المعلومات الجديدة تملأ فجوة كبيرة في كتابة سيرة الشاعر (كيفى) في تاريخ الأدب الكردي.

**الكلمات الدالة:** كيفي جوانروي، الصحافة العثمانية، إسطنبول، ترجمة الشعر الكردي، الحاج قادر كويي.

## 1-پێشەکی

لێکۆڵینەوە و گەڕان بۆ کەرەستەکانی نێو مێژووی ئەدەبی کوردی، هێشتا زۆری بەبەرەوە ماوە و ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو زار و بنزارەکانییەوە خاوەنی کەرەستەگەلی قسەلەسەرنەکراون. لە هەمان کاتدا هێشتا زۆر لایەنی تاریکیش ماون تیشکی توێژینەوەیان بکەوێتە سەر، بەتایبەتی لەڕێی دەستخەت و بەڵگەنامەکانەوە ئومێدی زۆر هەیە کە بەو هۆیەوە خشتگەلی دیکە بخرێنە سەر دیواری مێژوو و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە.

لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردیی ناوەند- سەدەی نۆزدە-دا، کەیفی جوانڕۆیی شاعیر ناوی هەیە، بەڵام کەمترین زانیاریی لەبارەوە هەیە، ئەوەی هەیە لە سێ چوار شیعر بترازێ و لە چیرۆکی مانەوەی لە کۆیە و هاوەڵایەتیی حاجی و شیعرە شینگێڕییەکەی حاجی بۆی، شتێکی ئەوتۆ نابینرێ. ئەویش وەك دەیان شاعیری تر مێژوونووس و مێژووناسانی ئەدەب هەر بە هیوای ئەوە بوون دەرفەتێك بلوابا و کۆتاییەکانی ژیانی ئەو شاعیرە کوردە لە ئەرشیفخانەی عوسمانیدا بدۆزرایەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە وێڕای شەن و کەوکردنی هەموو بۆچوونەکانی پێشتر کە لەسەر ئەم شاعیرە نووسراون، هەوڵیداوە بەپشت بەستن بە ئەرشیف کۆمەڵێك زانیاریی تازە لەبارەی ژیانی شاعیر لە موسڵ و چالاکییەکانی لە ئەستەنبوڵ بەدەستەوە بدات، ئەویش بە دۆزینەوەی پازدە وتاری لە ڕۆژنامەیەکی عوسمانی و نیشاندانی بۆچوونی مسیۆنەرەکان و ئامادەکارانی ئینجیل بە تیپی تورکیی عوسمانی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدە، لەگەڵ دۆزینەوەی کاتی مردنەکەی.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە لە ڕێی ڕۆژنامەگەریی عوسمانییەوە دیوێکی دیکەی ژیانی شاعیرمان نیشان دەدات و گەنگەشە و بۆچوونە گرنگەکانی لەدوو توێی وتارەکانیدا دەبنە دەستپێکی مێژووی وەرگێڕانی شیعری کوردیی (زاری ناوەند و زاری گۆران) بۆ سەر تورکی و لەلایەکی تر وێڕای شاعیربوونەکەی، دیوی نووسەریی، پارێزەریی و وەرگێڕییەکەی نیشان دەدات، کە دۆزینەوەی ئەم فرەچەشنییە بۆ کەسایەتییەکی نێو مێژووی ئەدەبی کوردی دەبێتە تایبەتمەندییەکی دەگمەن.

ئەو پرسیارانەی کە توێژینەوە هەوڵیداوە وەڵامیان بداتەوە بریتین لە: کەیفی؛ جوانڕۆیی بووە یان شارەزووری؟ ناو و نازناوەکەی لە شیعر و ڕۆژنامەگەریی عوسمانی چی بووە؟ لە شاری موسڵ چ کارێکی کردووە؟ دەنگۆی زانینی زمانی فەڕەنسی و کارکردن لە باڵیۆزخانەکان تا چەند ڕاستە؟ چۆن و کەی بەشداریی لە پێداچوونەوەی ئینجیلی چاپی عوسمانی کردووە؟ پەیوەندیی لەگەڵ شاعیرانی کورد چۆن بووە؟ لە ئەستەنبوڵ چ کاری کردووە؟ چ بەرهەمێکی تری هەبووە؟ ناوەڕۆکی نووسینەکانی لە ڕۆژنامەگەریی عوسمانیدا چین؟ چ ڕۆڵێکی لەنێو مێژووی وەرگێڕانی شیعر و نووسین هەیە؟ ئایا چۆتە ئەورووپا و لەوێ مردووە؟ کەی و لە چ شوێنێك مردووە؟ هەموو ئەمانە بە بەڵگەوە وەڵام دەدرێنەوە.

توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی و بەپاڵپشتیی ئەرشیفی عوسمانی و ڕۆژئاوایی و توێژینەوەکانی پێشووتر کۆمەڵێك بابەتی شەن و کەو کردووە و چەند زانیارییەکی تازەی لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەمان خستۆتەڕوو.

سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە دەتوانین بڵێین ئەو نووسینانەی لەبارەی کەیفییەوە نووسراون، دەکرێن بە دوو بەش، بەشێکیان لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەب مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، وەك (کۆیە و شاعیرانی)ی کەریم شارەزا و (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سەجادی و (مێژووی وێژەی کوردی)ی سەدیق بۆرەکەیی و (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی دکتور مارف خەزنەدار و دەستخەتی سەید تاهیری هاشمی و کتێبەکانی تری مێژووی زانایان و ناودارانی کورد. ئەمە وێڕای هێنانەوەی نموونەی شیعری کەیفی لەسەر ڕووپەری گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

بەشێکی تر چەند هەوڵێك لە چوارچێوەی توێژینەوەدا لە ژیان و بەرهەمی کەیفییان کۆڵیوەتەوە، کە دیارترینیان نووسینەکەی مەسعوود محەمەدە لە دەفتەری کوردەواری (محەمەد، 1970) ، کە ئەمە پاڵپشت بە مێژووی زارەکی و دەستنووسەکانی بنەماڵەی جەلیزادە، زۆرترین زانیاریی تێدایە. دواتر عوسمان نووری لە گۆڤاری هەناردا هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی سەر لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیانی کەیفی دەکاتە وتارێك و ئەویش چەند زانیارییەکی تازەتر دەوروژێنێ (نوری، 2013، ل25-38). دوای ئەم دوو هەوڵە لە باکوور لە ساڵی 2016 مەسعوود ئەسلان لە توێژینەوەیەکدا زانیاریی تازەی لەبارەی حاجی قادر و پەیوەندیی کەیفی بە حاجی قادر باس کرد و تێیدا لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی باسی پەیوەندیی حاجی قادر و کەیفی کردووە(Arslan,2016).

سەعید ڤەرۆژ لە چوارچێوەی کتێبی عەبدولرەحمان ناجم دا، بە پشتبەستن بە ماستەرنامەی (نەشە دەمیرجی) کە توێژینەوەیەك بوو لەسەر ژمارەکانی ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت(Demirci,2012) ، بە کوردیی کرمانجی باسی لەوە کرد کەیفی چەند نووسینێکی لە ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت نووسیوە(Veroj,2017) .

## 2-ناو و نازناوی

ئەوەی تا ئێستا سەلمێنراوە ئەوەیە کەیفی ناوی فەتحوڵڵا بووە، بێ ئەوەی هیچ شتێکی دیکە لە ناو و نازناوی بنەماڵەکەی بزانین، بەڵام ئەوەندە هەیە بەگوێرەی گێڕانەوەی مەسعوود محەمەد، گوایە لە دەستخەتی بنەماڵەکەیاندا ناوی بە (کیفی جوانرویی) هاتووە، هەروەها لە کتێبی تاریخ مشاهیر کرد دا ناوی بە (کیفی کردستانی) هاتووە و سەید تاهیری هاشمی بە (مەلا کەیفی) ناوی هێناوە و لە ئەرشیفی عوسمانی و لە رۆژنامەی ترجمان حقیقت دا، جاری یەکەم ناوی بە (ك-ی) و دواتر بە (کیفی افندی) هاتووە. لەلای موژدەبەرەکانیشـــدا هەر بە (کیفی افندی) هاتووە و حاجی یش لە دیوانەکەیدا هەردوو جار ناوی بە (کەیفی) هێناوە و دواتر محمد میهری و ڕۆژنامەکانیش هەر نازناوە شیعرییەکەیان کە (کەیفی)یە بەکارهێناوە[1]. لەنێو هەموویاندا ڕای زۆرینە بۆ شیعر تەنیا (کەیفی) و بۆ کەسایەتییش لەسەر (کەیفی جوانڕۆیی) دەسەنگرێتەوە.[2]

## 3-بنەچە و زێدی کەیفی

بۆچوونەکان لەبارەی زێدی کەیفی جێی گەنگەشەیەکی زۆر بوونە، هەندێکیان پێیان وابووە خەڵکی گوندێکی شارەزوور بووە و هەندێکی تریش لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە کەیفی جوانڕۆیی یە. پێمان وایە ئەوانەی کەیفی بە شارەزووری دادەنێن، سەرچاوەکەیان شیعرە شیوەنییەکەی حاجی قادری کۆییە کە بۆ کەیفی گوتووە، لەوێدا بە هیچ شێوەیەك کەیفی ناباتەوە سەر جوانڕۆ، بەڵکو بە شارەزووری پەیوەست دەکات. لە شیعرەکەدا دەڵێ:

کە چوویە سەر حەدی بابان و عێلەکەی جافان بگرییێ هەروەکوو بارانی ماهی فەروەردین

لە کوێرەدێیێ کە کەیفی تیا بێ فیردەوسە جەهەننەمە کە نەما کەیفی شاری قوستەنتین

حەزین و دەرهەمی ئەم شارە زۆری بێگانەن لە حەسرەتی عەجەبا شارەزووری چەن دەگرین!

گەلێ هەناسەیی کێشا و چاوی خۆی گێڕاکەسی نەدی لە عەشیرەت، لە داخی چۆن نەمرین!(کۆیی،1390،ل105)

شیعرەکەی حاجی چەند ئاماژەیەکی تێدایە کە زیاتر کەیفی بەرەو شارەزووری ئێستا دەبەنەوە، وەك:

- (سەرحەدی بابان و عێلەکەی جافان)، ئەگەر چی جاف لە جوانڕۆیش هەن. (لەو سەردەمەشا جافی جەوانڕۆ و جافی شارەزوور یەك بوون و لەژێر فەرمانڕەوایی سەردارێتی باباندا بوون).(رۆژبەیانی، 2005،ل169)

-کوێرەدێ: دەگونجێ ناوی هیچ گوندێك نەبێ، تەنیا وەك بەرامبەرییەك لەهەمبەر ئەستەنبوڵ دانرابێ، وەك ئەوەی ئەگەر لە کوێرەگوندێکیش بێ دەبێتە بەهەشت و ئەگەر لە ئەستەنبوڵیش نەبێ، ئەو ئەستەنبوڵەی کە خۆشترینە دەبێتە دۆزەخ.

شارەزوور: لە حەسرەتی عەجەبا شارەزووری زۆر دەگرین، دەگونجێ شارەزوور بە ناساندنە دیرینەکەی بێ، کە جوانڕۆیشی دەگرتەوە. دەشگونجێ شارەزووری سەردەمی دانانی شیعرەکە بێ، کە تەنیا شارەزووری بن دەستی عوسمانی دەگرتەوە، کە ناوەندەکەی شاری کەرکووك بووە.

لەسەر ئەم بنەمایە، نەجمەدین مەلا پێی وایە (کەیفی خەڵکی گوندێکی شارەزوورە) (مەلا، دەستخەت)، هەرچی مەسعوود محەمەدە دەڵێ: (چۆن دەبێ لە شارەزوور و دێی کوێرەدێ هاتبێتە

[1] سەرچاوەی هەموو ئەو بۆچوونانە لەنێو ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێ دراوە، بۆیە لێرە سەرچاوەکان نەنووسران.

[2] لەم توێژینەوەیەدا باسی ساڵی لەدایکبوونی ناکەین، لەبەر ئەوەی پێشتر گەنگەشەی زۆر لەو بارەوە کراوە و هیچ زانیارییەکی تازەشمان دەستنەکەوت، بۆیە پێویست ناکات گەنگەشەکان لێرەدا دووبارە بکەینەوە.

دونیاوە؟ هەموو ئەوانەی باسی کەیفییان نووسیوە ناویان بردووە بە کەیفی جوانڕۆیی و لە هەمان کاتیشدا گوتوویانە لە دێی کوێرەدێی شارەزوور هاتووەتە دنیا، کەچی جوانڕۆ پارچەیەکی کوردستانی ئێرانە) (محەمەد،2010،ل9). عەلی کەمال باپیر ئاغا پێی وایە (لە گوندی کوێرەدێ لە جوانڕۆ هاتۆتە دنیاوە) (باپیر،1970،ل17). گیوی موکریانی دەڵێ خەڵکی جوانڕۆ بووە (موکریانی،2019،ل302) و محەمەد عەلی سوڵتانیش بە هەمان شێوە (سلطانی،1369،ص201). ئەگەر چی هیچ گوندێك ئێستا بەو ناوە لەو ناوچەیەدا نەماوە. ئێمە پێمان وایە ئەم وەسفەی حاجی قادر بەشێکە لە یاریکردنی ڕەوانبێژییانە، چونکە سەرچیخچوون لە تێگەیشتنی شکڵییانەی شیعری حاجی قادر توێژەرانی بەرەو هەڵەی دیکە بردووە. بۆ وێنە:

لە قوڕ بنیشە بڵێ: قەوم و قیلە هاوارە ئەسیرە کەیفی لە ڕۆما لە حەبسی زێری زەمین(کۆیی،1390،ل105)

بەشێکی توێژەران بەهۆی ئەو شیعرە پێیان وابووە کەیفی بە ئەسیری مردووە، یان دوارۆژەکانی ژیانی بە دیلیی بردۆتە سەر. کە لە ڕاستیدا ئەمە یاریکردنێکی ڕەوانبێژییانەی حاجییە و کەیفی بە دیلی نا، بەڵکو بە نەخۆشی و لە ئەستەنبوڵ مردووە.

ئەو بەڵگانەیشی کە جوانڕۆییبوونی ئەو دەسەلمێنن، ڕاستە لە گۆڤارەکانی سەردەمی عوسمانیدا لەپاڵ ناوی کەیفیدا ناوی جوانڕۆ نابینرێ، بەڵام لە نووسینێکی کەیفیدا و لە ژمارە 1373ی ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) دا باس لە ناوچەی سەرپێلی زەهاو و عەشیرەتی زەند دەکات، وەك ئەوەی خەڵکی ئەوێ بێ و شارەزاییەکی باشی لە ناوچەکەدا هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەو سەردەمەدا (مەلا ئەحمەدی کلاشی) کە خەڵکی جوانڕۆ بووە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ کەیفی هەبووە، نامەکانیش لە ڕێی تەورێزەوە گۆڕدراونەتەوە (هاشمی، دەستخەت). ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی جوانڕۆییبوونی کەیفی دەسەلمێنێ.

دواتر (پیرەمێرد) لە ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی 1947 شیعرێکی کەیفی بڵاودەکاتەوە بەناوی (غەزەلێکی کەیفی جوانڕۆیی)(ژین،1947،ل2) و (کەریم شارەزا) باس لە ژیانی کەیفی دەکات و ناوی بە (کەیفی جوانڕۆیی) دەهێنێ (شارەزا،1958،ل2). دوای ئەمانە بەشی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی لەسەر کەیفی نووسراون، کەیفی بە جوانڕۆیی لە قەڵەم دەدەن. ئێمەش پێمان وایە ڕووکارخوێندنەوەی دەربڕینەکانی (کوێرەدێ و شارەزوور)ی شیعری حاجییە وای کردووە لە جیاتی جوانڕۆیی، شارەزووریی بەبەر کەیفیدا ببڕێ. بۆیە دەکرێ جوانڕۆ بە زێدی ئەو دابنرێت.

## 4-ژیانی کەیفی لە کۆیە:

**یەکەم:پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵەی جەلیزادە:**

پەیوەندیی کەیفی بە بنەماڵەی جەلیزادە دەکرێ لە سێ خاڵدا کورت بکرێتەوە:

1-کەیفی وێڕای ئەوەی لە کۆیە لە حوجرەی بنەماڵەی جەلیزادەدا دەستی بە فەقێیاتی کردووە. لە هەمان کاتدا وەك فەقێیەکی تایبەتیش پەیوەندیی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە خۆش بووە و هەندێ لەو کارانەی کە پەیوەندیی بە بەهرەکەیەوە هەبووە، بۆماڵی جەلیزادەی کردوون. (لە ساڵی 1282 حاجی مەلا عەبدوڵڵا دوای مەرگی ژنی یەکەمی، لە ژنی دووەمی بۆ یەکەمجار کوڕێکی دەبێ، لەوە بەپێشەوە هەر کچی بوون، کوڕەکە ناوی بەهائەدینی لێدەنێن و لەنێوان خەڵکی کۆیە دوای پێگەیشتنی بە (کاکەباو) شوورەتی سەندووە و زووش جوانەمەرگ بووە. کەیفی بەو ناوە کە مامۆستای خۆی کوڕێکی بووە و تازە تاقانەیە و بنەماڵەی پێ ڕوون بۆتەوە، سەرەڕای پێوەندیی خۆشەویستیی مەیانی هەردوویان بەدەستی خۆی لێفە بۆ منداڵەکە دەدوورێ و بە نەقش و شیعرێ کە خۆی هەڵیبەستوون ڕووی لێفەکە دەڕازێنێتەوە.) (محەمەد،2010،ل9)

2-کەیفی دەرسی تایبەتی بە کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە داوە و بۆتە مامۆستای تایبەتی: (کەیفی لای حاجی مەلا ئەسعەد وەك کوڕێکی خۆی خۆشەویست بووە و لای حاجی مەلا

عەبدوڵلا، ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیی بووە)(محەمەد،2010،ل19) و لەگەڵ حاجی قادر (بە کوڕی ماڵ ژمێردراون) (محەمەد،2010،ل14). (حاجی مەلا عەبدوڵلا لە حاشیەی کتێبێك بە خەتی خۆی نووسیویەتی کەوا فلان حاجی ئەو میقدارە پارەیەی پێدام بۆ ئەمە بیدەم بە کەیفی لەبری مانگانەی دەرسگوتنەوەی بۆ کوڕەکەی) (محەمەد،2010،ل19).

3-کەیفی و شیعری لاواندنەوە بۆ وەفاتی خێزانی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە: (لە ساڵی 1280 [ 1863-1864ز] خێزانی حاجی مەلا عەبدوڵلا لە تاریکیی ژوورێکی بێ پەنجەرە جانەوەرێکی پێوە دەدا و دەیکوژێ، کەیفی مەرسییەك بۆ مەرگی خێزانی مامۆستای خۆی دادەنێ.) (محەمەد،2010،ل13)

4-کەیفی کە لە ئەستەمبوڵیشە، حاجی مەلا عەبدوڵلای هاوڕێی خۆی لەبیرنەکردووە و شیعرێکی پەسنئامێزی بۆ نووسیوە: مەلایێکی فەقێیانە ویقارت/ بەیانت ئاوەگردە ئیقتیدارت(محەمەد،2010،ل10)

**دووەم: پەیوەندیی لەگەڵ ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای حەوێزی**

ئەو کاتەی کەیفی لە کۆیە دەتۆرێ و دەچێتە هەولێر (ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای حەوێزی شاعیر و ئەدیبێکی پایەبەرزی ئەو دەمە بووە و پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستیی زۆر بەهێز بووە لەگەڵ کەیفی کاغەزێکی بە شیعر بۆ دەنووسێ و داوای لێ دەکا کە بگەڕێتەوە کۆیە، کەیفی لە جەوابدا ئەم شیعرە دەنێرێ بۆ ڕەشید ئاغا: ئەی نووحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار

وەی ڕووح و سەر و ماڵی منت جوملە بە نیثار) (محەمەد،2010،ل19)

**سێیەم: کەیفی لە مزگەوتی مەلا عومەر لە کۆیە**

کەیفی ئەفەندی سەردەمێك لەکاتی فەقێیەتیدا لە مزگەوتی مەلا عومەر لە کۆیە دەخوێنێ، لەنێو ئەو قۆناغانەی ژیانی کەیفی لە کۆیە، خوێندنی لەم مزگەوتە کۆتا قۆناغیەتی، بە بەڵگەی ئەوەی (دیواری هەیوانەکە بە گێچ مالنج کرابوو، لەسەر گێچەکە (عز من قنع وذل من طمع) لە لایەن شاعیر کەیفی جوانڕۆیی بە خەتێکی جوان نووسرابوو، کەیفی ئەو کاتە لەو مزگەوتە دەیخوێند)(مەعسووم، 58،2022) تەنانەت مەسعوود محەمەد پشتڕاست دەکاتەوە (بۆ خۆم دیتبووم لە دیوارێکی هەیوانی مزگەوتی حاجی مەلا عومەر لە کۆیێ بە خەتێکی زۆر خۆش نووسرابوو. دەماودەم لە پێشینانەوە دەگوترا خەتەکە هی« کەیفی» یە. لەناو کەوانەی یەک لە دوو پیتە «ع» ەکان کە بە خەتی گەورە نووسرابوو چوارینەیەکی فارسی خەتخۆش هەبوو بە نووسینێکی ورد لێرەدا تۆماری دەکەم: (نوشتم این براین ایوان خانە/ بماند از من مسکین نشانە/ اگر گویند این مسکین کجا رفت/ بگو بگریخت از جور زمانە ) واتای چوارینەکە کەوا لێرەدا دەینووسم :ئەمەم نووسی لە هەیوانی ئەم خانەیە تا لە منی مسکینەوە بە نیشانە بمێنێ ئەگەر بڵێن ئەم مسکینە بۆ کوێ چوو بڵێ لەبەر ستەمی ڕۆژگار هەڵات، بە تەواوی لەگەڵ ئەو بەسەرهاتە بێگومان دەگونجێ کە هۆی دەرچوونی کەیفی بوە لە کۆیێ. کە وا بێ لەم چوارینەیەدا سێ شایەد کۆ دەبنەوە بۆ ساغ کردنەوەی هەڵبەستیان لەلایەن «کەیفی»یەوە:یەکەمیان خەت خۆشی: کەیفی ناوبانگی هەیە لە خەتخۆشیدا.دوەمیان بوێژی: کەیفی لە ڕێزی هەر پێشەوەی بوێژانی کوردەوە دێ.سێیەمیان، هەڵاتن لە دەست جەوری زەمانە: کەیفی لەوانەیە ببێتە نموونەی غەدرلێکراوی. (محەمەد،2010ب2،ل150)

**4-کەیفی لە مووسڵ**

سەفەری کۆیە بۆ حەڵەب، هەر دەبێ بە موسڵدا تێبپەڕێ. مەسعوود محەمەد ئەو گومانەی کردووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نەبووە. (مرۆڤ لە هەولێرەوە بە ڕێی موسڵدا بۆ حەلەب سەفەر دەکات، کەیفیش یەکسەر بۆ ئەستەنبوڵ سەفەری نەکردووە) (محەمەد،2010،ب3،ل169). ئەمە بووە گرێیەك تا لەنێو ئەرشیفی عوسمانیدا و لە بەڵگەنامەیەکدا کە بۆ ویلایەتی بەغدا نێردراوە و

مێژووی 7ی موحەڕەمی ساڵی 1290ی لەسەرە (دەکاتە بەرامبەر 1873/3/7ز) هاتووە کە عەبدولقادر ئەفەندی (دوور نییە ئەمە حاجی قادری کۆیی بێ) لەبەر ئەوەی پلە زانستییەکەی دیار نییە بۆیە دەبێ تاقیکردنەوەی مەنهەجی پەروەردە بکات بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا، دیارە پێشتریش کەیفی ئەفەندی و کەسێکی دیکە بە مامۆستا دامەزراون:

بەهۆی ئەوەی مامۆستای یەکەمی قوتابخانەی ڕوشدییەی موسڵ، ڕەسوڵ مەستی ئەفەندی، دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەجێی ئەو مامۆستای دووەم عەبدولقادر ئەفەندی لەهەمان قوتابخانە و، لە شوێنی ئەو مامۆستای سێیەم کەیفی ئەفەندی و لە شوێنی ئەویش صانعزادە محەمەد ئەفەندی کە لە زانایانی ناوچەکەیە دامەزران و نامەی فەرمی بۆ جەنابتان نێردرا. بەڵام لەبەرئەوەی پلەی زانستیی مامۆستای دووەم عەبدولقادر ئەفەندی لای ئێمە نادیارە، بۆیە دامەزراندنەکەی وەك مامۆستا نەگونجاوە. ئەو وەڵامەش لە وەزارەتی مەعاریفەوە بۆ ئەو هاتووە و لە شوێنی ئەو مامۆستایەکی تر بەناوی (کەیفی ئەفەندی) هەڵبژێردراوە و بە شیاو زانراوە. لەو بارەشەوە زانیاریی بۆ بابی عالی نێردراوە.(MF_MKT__00009_00068_001_001) ئەم مێژووە لەگەڵ بۆچوونەکەی مەسعوود محەمەد دێتەوە کە پێی وابوو کەیفی لە ساڵی 1286ەوە کۆیەی جێهێشتووە، پێشمان وایە دوای کۆیە دەچێتە هەولێر و ماوەیەك لە هەولێر دەمێنێتەوە و ئینجا دەچێتە موسڵ، دوای ماوەیەك مامۆستایەتی، دواتر دەچێتە حەلەب. تەنیا گرفتێك لە مێژووێك دروست دەبێ، کە بەگوێرەی بۆچوونەکەی مەسعوود محەمەد، باپیری لە ساڵی 1288 لە حەلەب کەیفی دیوە. ئەمەش بۆی دەبێ بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیەی سەرەوە کە تەرخان بووە بۆ عەبدولقادر ئەفەندی، واتە بەڵگەنامەکە باس لە عەبدولقادر ئەفەندی دەکات بەڵام کە ناوی کەیفی و کەسێکی تر دێت مەبەست ئەوەیە پێشتر (واتە ساڵانی ڕابردوو) ئەمانە بە مامۆستا دامەزراون.

**5-کەیفی لە حەلەب**

سەرچاوەکان لەبارەی چوونی کەیفی بۆ ئەستەنبوڵ، دوو ڕێگەی جیاواز باس دەکەن، هەندێك پێیان وایە لەرێی ڕواندزەوە بۆ باکووری کوردستان چووە و ڕاستەوخۆ چۆتە ئەستەنبوڵ نەك بە ڕێی حەلەبەوە چووبێ (حاجی لە هەولێر لەگەڵ کەیفی یەکیان گرت و لە ڕەواندزەوە ڕۆیشتن بە کوردستاندا تا گەیشتنە ئەستەمووڵ)(فەتاح،2004،ل276). ئەو ڕێگایەشیان بە وردی دەستنیشان کردووە بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە هەبووبێ (پێکەوە بەجووتە ئەکەونە دۆڵی خۆشناوەتی و ئەچنە ڕەواندز، بائەدەنەوە بۆ ناو عەشرەتی حەیدەرانی لە تورکیا و لە 1854 دا ئەچن بۆ ئەستەمووڵ و ئەکەونە پەنای بەدرخانییەکانەوە)(سەجادی،1953،ل336). هەندێکی تر قۆناغێکی ژیانی کەیفی بەر لە ئەستەنبوڵ باس دەکەن ئەویش چوونیەتی بۆ حەڵەب و ماوەیەك مانەوەیەتی لەوێ. (کەیفی چۆتە حەلەبێ و لە مزگەوتێکی ئەوێدا بووە بە مودەڕیس و هەندێك دەرسی خسووسی لە عیلمی هەیئەت و ریازیاتی بە ئاغازادەکانی ئەوێندەرێ کوتووە.)(موکریانی،2019،ل 302)

مەسعوود محەمەد لە زاری مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی باپیرییەوە باسی دیداری کەیفیی دەکات لە ڕێگەی چوونیان بۆ حەج لە حەلەب: (باپیرم کە لە ساڵی 1288 لەگەڵ باوکیدا بۆ حەج دەچێت لە حەلەب کەیفی دیتبۆوە، مامۆستای کوڕانی والی بووە.) (محەمەد،2010،ل21) بۆ ساڵی چوونەکەیشی پێی وایە دەوروبەری ساڵی (1871) ی زایینی کەیفی لە حەلەب دیتراوە. (کەیفی لە ساڵی 1286ەوە کۆیەی جێ هێشتوە. بەڵگەی ئەمەشیان لەوەڕا دەرکەوت کە (حاجی مەلا عەبدوڵلا گوتویەتی لە 1288 کە کەیفیم دیتەوە لە حەڵەب دوو ساڵی تەواو بوو نەمدیبوو)(محەمەد،2010،ب2،ل120).

مەسعوود محەمەد تۆزێك دیمەنی ژیانی کەیفی لە حەلەب لە ڕێی گێڕانەوەکەی باپیری نیشان دەدات کە دیداری مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە و حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی و کەیفی لەوێ

ڕوویداوە و تەنانەت کەیفی وەك فەقێیەکی کۆنی ئەوان ڕێزێکی زۆری گرتوون، خەڵکی حەلەب پێیان سەیر بووە کە مامۆستای کوڕانی والیی بەو شێوەیە خزمەتی ئەو مێوانانە دەکات کە لە کۆیەوە هاتوون(محەمەد،2010،ل21).

## 6-کەیفی و شاعیرانی کورد

### 6-1-کەیفی و حاجی قادری کۆیی

پەیوەندیی کەیفی و حاجی قادری کۆیی پەیوەندیی هاوڕێیەتییەکی بەردەوامی ساڵانی کۆتایی تەمەن و ساڵانی بەیەکەوەبوونیانە لە ئەستەنبوڵ. لە زۆر وێستگەدا دەتوانین ئەو پەیوەندییە دەستنیشان بکەین:

-لە سەردەمی فەقێیاتی لە کۆیە و لە هاوسەفەربوونیان بۆ موسڵ و هەروەها لە ئەستەنبوڵیش[3].

-ئەو شیعرە شیوەنییەی کە حاجی قادر دوای مردنی کەیفی دایناوە، لەگەڵ شیعری (شاسواری بەلاغەتی کوردان) کە لە دێرە شیعرێکدا باسی کەیفی کردووە.

### 6-2-کەیفی و شێخ ڕەزا

پەیوەندیی کەیفی بە شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە بە دوو سەردەمەوە پەیوەستە. سەردەمێکیان کاتێ بەیەکەوە فەقێ بوونە لە کۆیە، ئەو چیرۆکە باوەی کە لە کۆیە ناکۆکیی لەنێوان هەردووکیاندا دروست بووە و شیعریان لەدژی یەکترییەوە نووسیوە و دواتر بەو هۆیەوە گوایە کەیفی کۆیەی جێهێشتووە. ئەم وەڵام و وەڵامکارییە ئەمەندەی خوارەوەی لێ بەجێماوە، کە شێخ ڕەزا بە کەیفی دەڵێ:شاعر چو توی بە لب لبانت ریدم// وز فرق سرت تا بە دهانت ریدم. کەیفی لە وەرامی ئەم شیعرەدا بە شێخ ڕەزا ئەڵێ: فرقی نە چنان بود میان سر و (ك) م// ای ریدی بە (ك) م گوزت بە (ك)م. (تاڵەبانی، 2010،ل25)

سەردەمێکی تریش ئەو کاتەی کەیفی لە ئەستەنبوڵ دەبێ و شێخ ڕەزایش ماوەیەك دێتە ئەستەنبوڵ، جارێکیان کەیفی (لە ئەستەمووڵ لەگەڵ شاعیرێکی بوڵگارییی ئەبێ بە موجادەلەیان. کەیفی ئەڵێ: شتی وا لە زمانی کوردیدا هەیە لە هیچ زمانێکی ترا نییە. شاعیرە بوڵگارییەکە ئەڵێ چۆن؟ کەیفی دەستی بۆ ئەکا بە نموونە بۆ هێنانەوە، بەڵام هەر هەر نموونەیەکی بۆ دێنێتەوە، بەرپەرچی ئەداتەوە، کەیفی ناچار پەنا ئەباتە بەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئەڵێ: یا شێخ فریان کەوە! شێخ ڕەزا دەستی ئەگرێ و ئەیباتە چاپخانەیێك و ئەڵێ: بنووسە. پارچە شیعرێ:

رۆژی یەکشەممە گە مەشهوورە بە رۆژی پازار          من بە عار کەوتمە دونبالی کوڕێکی بولغار

تا ئەگاتە بەیتی: موختەسەر خۆشە قسە، بردمە مەنزڵگەهی خۆم/گرتم و خستم و لێم برد و گونم کرد بە چوار- ی بۆ ئەڵێ. کەیفی ئەگەڕێتەوە بۆ لای شاعیرە بوڵگارییەکە و ئەم شیعرانەی بۆ ئەکا بە تورکی و بۆی ئەخوێنێتەوە. کابرای بوڵگاریی کە ئەمە ئەبیسێ، ئەڵێ: هێواش. هێواش! ڕاست ئەکەی. شتی وا مەگەر هەر لە زمانێ ئێوەدا بێ)! (مەلاکەریم،2017،ل362) دیارە شێخ ڕەزا بەو وەڵامانەی زۆر کەسی لە ئەستەموڵ سەرسام کردووە، چونکە (لە ئەثنای مولاقاتدا بە قووەتی زەکا و درایەتی خۆی، گەلێ ئەکابیر و ئەفاضیلی ئەستەمولی مات و مەبهووت کردبوو) (فیضی بگ،1329،ل6)، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەگەر شاعیر و نووسەرانی کورد لە ناوەوەی کوردستان ناکۆکیشیان لەنێواندا هەبووبێ، بەڵام لە غەریبیدا پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە. بە بەڵگەی ئەوەی لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت)دا سێ کەسایەتیی کورد (عەبدولرەحمان ناجم، کەیفی و حەسەن زوهدی) وەك ئەوەی بەرنامەیان داڕشتبێ کە یەك لەدوای یەك وەڵامی هنری ترۆتێر

---

3 ئەم دوو خاڵە مشتومڕی زۆری لەسەرە, بۆیە لێرەدا ئێمە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تازە ناکەوینە ئەم بابەتەوە.

دەدەنەوە. لەلایەکی ترەوە هەر ئەم پەیوەندییەیە کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە بناغەی کۆمەڵە کوردییەکان دادەمەزرێنن.

**6-3-کەیفی و مەلا ئەحمەدی کلاشی**

کەیفی لەگەڵ مەلا ئەحمەد کلاشی (1226-1298ك) نێوانی خۆش بووە و مەلا ئەحمەد کە خەڵکی گوندی کلاشـــی ناوچەی جوانڕۆ بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی لە ناوچەکانی کوردســـتان، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی و خەریکی دەرســـدانەوە و مەلایەتی بووە. پاشـــان بۆتە میرزا و کاتبی عەلیئەکبەرخان و ماوەیەکیش لای غولامشاخانی ئەردەڵان لە سنەدا ماوەتەوە و کۆتاییەکانی ژیانی لای والییەکانی ئەردەڵان بووە. وا دیارە ئەو کاتەی کەیفی لە ئەســـتەنبوڵ بووە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ مەلا ئەحمەد هەبووە و (پارچە شیعرێکی بە هەورامی کە ناوبراو لە وەڵامی کەیفیدا وتوویە و لە تەورێزەوە بۆی ناردووە. نامەی کەیفیشـــی هەر لە تەورێز پێگەییوە)(هاشـــمی،دەســـتخەت). ئەگەر چی شـــیعرەکەی کەیفی دیار نەماوە، بەڵام وەڵامەکەی مەلا ئەحمەد دۆڵاشـــی دیارە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە کەیفی لە ئەســـتەنبوڵە و دوورە لە ئەو و لە شـــیعرەکەش دیارە پێشـــتر دۆستایەتییان بەهێز بووە، هەر وەك سەرەتاکەی بەمە دەست پێدەکات:

کەیفی نامەکەی رشحەی شەکەرریز    چاپار پاوناش وە شارتە و رێز

ئەگەر تۆ رومپای ئەستەمۆڵ نەدۆش    ئـــاوپـــاشـــــیـــم کەران نـــمەبـــۆ خـــامـــۆش

(میراحمدی،2010،ص109)

**7-کەیفی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی عوسمانیدا**

**7-1-کەیفی لە گۆڤاری هەتاوی کورددا**

لە ژمارە (10)ی گۆڤاری هەتاوی کورددا لە ساڵی 1914دا، کچێکی بابانی بەناوی (کەوسەر) کە دانیشـــتووی مەنیســـایە و خۆی بە کچێکی کورد ناســـاندووە، وتارێکی بە زمانی تورکی بەناوی (نامەیەك بۆ هەتاوی کورد) نووسـیوە و ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو کچێکە لە تایەفەی بابانەکانە کە ئێســتا بێدەســەڵاتن و لە مەکتەبی ئامادەیی دەخوێنێ و باوکی هەموو مانگێك ئەم گۆڤارە دەکڕێ و دەیخوێننەوە....هتد لە کۆتاییدا ئاماژەی بە ڕۆڵی زانا و شاعیرانی کورد داوە کە لە هەر سووچێکی دەوڵەتی عوســمانی بگریت پڕە لە زانا و ئەدیبی کورد، بەتایبەتی شــاری ئەســتەنبوڵ زۆر زانا و شـــاعیر و کەســـایەتی کوردی تێدایە، تەنانەت دەڵێ بابم لەو ســـاڵانەی دواییدا خوالێخۆشـــبووان (هیجری[4]) کە یەکێکە لە زاناکان و (کەیفی)یش کە یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی لە ئەســـتەنبوڵ دیبوون، هەردوو خوالێخۆشبوو بەرهەمی مەدرەسە نامونتەزەمەکانی کوردستان بوون. لە نامەی داهاتووم بە یارمەتی باوکم کەمێك لە ژیانی خوالێخۆشـــبوو کەیفی ئەفەندیتان بۆ باس دەکەم (کوثر،1332،ل9). بەداخەوە دوای ئەم ژمارەیە، گۆڤاری هەتاو هاتە ڕاگرتن.

**7-2-کەیفی لە گۆڤاری کوردستان- ئەستەنبوڵ دا**

لە ژمارە (1)ی گۆڤاری کوردستان-1919ی ئەستنەبوڵدا، محەمەد میهری کە سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە، لە وتاری هەندێ نمونە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە پەراوێزدا باسی لەو شاعیرانە کردووە کە لە غەریبیدا مردوون، لەوانە (کەیفی و خەیاڵی) هێناوە کە گوایە لە ئەوڕوپا کۆچی دواییان کردووە (م،1335/3/28، ل5). وا دیارە لەناو خەڵك ئەمەی بیستووە، کە ئەمەش پەیوەندیی بە زانینی زمانی فەڕەنسی و سەفەری کەیفی بۆ فەڕەنسا هەبووە.

---

[4] نەبیستراوە کە هیجریی شاعیر هاتبێتە ئەستەنبوڵ، ئەمە زانیارییەکی تازەیە.

## 8-کەیفی لە ئەستەنبوڵدا

### 1-8-کەیفی و زمانی فەڕەنسی

چەند زانیارییەك هەن لەبارەی ئەوەی کە کەیفی فەڕەنسی فێربووە، بێگومان هەر دەبێ لە ژیانی ئەستەنبوڵەوە فێربووبێ، چونکە لە سەردەمی هاتنە سەر کاری سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەرگا بەسەر زمانی فەڕەنسی کرایەوە و تەنانەت تا ئێستاش زمانی تورکی ئەو کاریگەرییەی فەڕەنسی هەر بەسەرەوە ماوە. ئەمەش درێژکراوەی ئەو گرنگییەی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە چاپەمەنی فەڕەنسی کە (لە ساڵی 1831 یەکەم ڕۆژنامە لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکرایەوە ڕۆژنامەی "Le Moniteur Ottoman" بوو کە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی تورکی بەناوی تقويم وقائع) (Arusoğlu,1988.s14 ) تا دەگاتە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید چەند ڕۆژنامەیەکی تر بە فەڕەنسی دەرچوون و لەو سەردەمەیشی کە کەیفی لە ئەستەنبوڵ بووە ئەم ڕۆژنامانە بە فەڕەنسی دەرچوون:

(impartial 1841-1912) کە لە ئیزیمر هەفتانە چوار جار دەردەچوو و ( La Reforme 1869-1922) لەسەر ناوی ئۆسکار ئەفەندی کە کابرایەکی ئەرمەنی بوو هەفتانە دوو جار دەردەچوو و (Le Phare du Bosphore 1870-1890) لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو، (Levent-Herald) بە فەڕەنسی و ئینگلیزی دەردەچوو(Gönenç ,2012.s97). ئەگەر ژمارەکانی ئەم چوار ڕۆژنامەیەی سەرەوە بەوردی بپشکنرێن، وەك هەر ڕۆژنامەیەکی سەردەمی عوسمانی نووسینی نووسەرانی کوردیان تێدا دەبینرێ. بە گوتەی مەسعوود محەمەد (کەیفی کە دەچێ بۆ ئەستەموول بە زوویی فێری زمانی فەڕەنسی دەبێ وە لە ڕۆژنامەیێکی فەڕەنسیدا دەبێتە نووسەر. وەک دەگێڕنەوە گۆیا ڕۆژنامەیێکی پاریس لە بارەی کوردەوە شتی ناڕەوا دەنووسی. کەیفی ئەم نووسینە دەبینێ و دەست دەکا بە جوابدانەوەی هەر لەو ڕۆژنامەیە کە خۆی تییدا نووسەر بووە. لە ڕێزە مەقالێکی مێژوویی چی عەیب و عاری مێژووی فەڕەنسە هەیە دەیهێنێتە ڕووەوە و بە قەڵەمێکی سووتێنەر نووسینەکانی دەرازێنێتەوە تا وای لێ دێ باڵیۆزی فەڕەنسە ئیحتیجاجێک دەدا بە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی، ئیتر فەرمانبەرانی عوسمانی دەکەونە ناوبژیکردن تا کەیفی واز دێنێ و چی تر لەسەری ناڕوا... بەڵام دەمی شیرن دەکەن ئەوجا!) (محەمەد،2010،ل23).

ئەم بۆچوونەی مەسعوود محەمەد دوو ئەگەری بۆ هەیە، یان ئەوەتا کەیفی لە یەکێك لەم ڕۆژنامانە وتاری خۆی بڵاوکردۆتەوە، یانیش لە ڕۆژنامەیەکی فەڕەنسی کە لە پاریس دەرچووە نووسینی خۆی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمەیان زیاتر لە نووسینەکەی دەفامرێتەوە. بۆ ئەمەش دەبێ بیرمان بۆ ئەوە بچێ کە کەیفی ماوەیەك لە فەڕەنسا بووبێ، لەو بارەشەوە محەمەد میهری لە ژمارە یەکی گۆڤاری کوردستان ی ئەستەنبوڵدا ئاماژەی بەوە داوە کە (کەیفی و خەیاڵی دوو شاعیری کوردن و لە ئەورووپا کۆچی دواییان کردووە)(م،1337/3/28،ل5). دەشێ کەیفی سەفەری فەڕەنسای کردبێ و ماوەیەکیش لەوێ مابێتەوە، بەڵام لەوێ کۆچی دوایی نەکردووە. ئەو ماوەیەی کە لە فەڕەنسا ماوەتەوە دەشێ وەك هاووڵاتییەکی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژنامەکانی پاریس نووسیبێتی و فەڕەنساش لەبارەی نووسینەکانیەوە گلەییان لە دەوڵەتی عوسمانی کردبێ. بەڵام ورووژاندنێکە و پێویستی بە پشکنینی ڕۆژنامەکانی ئەوسای فەڕەنسایە تا نووسینەکانی کەیفی تێدا بدۆزینەوە.

لە لایەکی ترەوە بەڵگەی زانینی زمانی فەڕەنسیی لە یەکێك لە وتارەکانیدا ئاشکرایە، کە لە ژمارەی ١٣٧٥ ی ڕۆژنامەی (ترجمان حقيقت) دا و بەناوی (مواد فنيه) قسە لەبارەی وەرگێڕانی وشەیەکی فەڕەنسی دەکات کە وشەی nuance ــــە و پێی وایە بەگوێرەی ئەو شارەزاییەی ئەو لە زمانی فەڕەنسی هەیەتی، وشەکە بەرامبەر (نواندن)ی کوردی دەوەستێت و وەك وەڵامێکیش بۆ نووسەرانی تورك کە پێشنیازیان کردبوو لەبری وشەکە، وشەی چشد-ی تورکی کە مانای جۆر دەدات دابنرێت. (کیفی،1883/1/12،ص2)

هەر لەنێو وتارەکانی کەیفی دا، لە ژمارە 787ی ڕۆژنامەکەدا، بەناوی (بیر مسـئلەی ریاضـیە-پرسـێکی بیرکاری)(ك-ی،1298/1/9،ص3) باس لەوە دەکات کە ڕاسـتی بەڵگەیەکی ئەندازەیی لەنێو هەندێ لە دانراوی حوکەمایەکانی ئیفرەنج-فەڕەنسی هاتووم لەبارەی ڕووی دەریا و جێگیری خڕی زەوی، هەسـتم بە هەڵەیان کردووە، دواتر ئەوە بە خەیاڵمدا هات کە زانای کورد ئیبن ئادەم لە کتێبی (تمرين المقاصد) دا ئەمەی بە ڕوونی باسکردووە. سەبارەت بە زانینی زمانی ئینگلیزیش لەپاڵ زمانەکانی (عەرەبی، فارسـی، تورکی و فرەنسـی)، لە گیوی موکریانی بترازێ، هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی نەکردووە. (لە پاڵ زمانی کوردیدا زمانانی فارسی و عەرەبی و تورکی و فڕەنسی و ئینگلیزیشی زانیوە) (موکریانی،2019،ل302).

ئەوەی جێی سـەرنجە حاجی لە مەرسـییەکەی کە بۆ کەیفی داناوە، باس لە چوار زمانی (کوردی، عەرەبی، تورکی و فارسـی) دەکات کە کەیفی زانیویەتی و بە هیچ جۆرێك باسـی زانینی زمانی فەڕەنسـی ناکات. ئێمە وای بۆ دەچین کە حاجی ویسـتوویەتی بەهۆی باسـکردنی ئەو چوار زمانە، مەرسییەکەی خۆیشی بەو چوار زمانە بنووسێ:

زوبانی کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی          وەهای دەزانی وەکوو بەیتی خوسرەو و شیرین

ئەمەش دەلیلە لە تەئسیری مەرسییەی کە گوتم:          چوار زوبانی تێ دایە قەسیدەیی ڕەنگین(کۆیی،1390،ل106)

واتە لەبەر کاریگەریی باسـکردنی کەیفی و زانینی چوار زمان، حاجی دەیەوێ شـیننامەکەی بە چوار زمان بنووسـێ، ئەگەر باسـی فەڕەنسـیشـی کردبا، ئەوسـا نەیدەتوانی لە شـیعرەکەدا زمانی فەڕەنسیشی بۆ زیاد بکات.

### 2-8-کەیفی و خەتخۆشی و دەستڕەنگینی

کەیفی هەر وەك پێشـتریش ئاماژەی پێدرا کە لە کۆیەش بووە بە خەتخۆشـی ناسرابوو و نووسـینی سـەر دیواری مزگەوتی مەلا عومەریش بە خەتە خۆشـەکەی کەیفی دوای دەرچوونی کەیفیش تا چەندین سـاڵ هەر مابوو. ئەم خەتخۆشـییە لە حەڵەبیش بەکەڵکی دێت و دەبێتە مامۆسـتا و کاتبی کوڕانی والیی حەڵەب، دواتر کە دێتە ئەستەنبوڵیش ئەو بەهرەیەی خۆی گرنگی پێ دەدات و لەبەر ئەوەی بەهرەی خۆشنووسی هەبووە، لەنێو مەجلیسی موژدەبەراندا دەبێتە خۆشنووس و کاتب. ئەو لە حەفتاکانی سـەدەی نۆزدەدا لەبەر شـارەزایی زۆری لە زمانەکانی عەرەبی، فارسـی و تورکی دەبێتە جێی سـەرنجی ئەو مسـیۆنەرانەی کە مژوولی وەرگێڕانی ئینجیلن بۆ سـەر ئەو زمانانە و خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری مەسـیحییەتن، کەیفی ئەفەنـدی بۆ ئەوان جێی گرنگیپێدان بووە، بەتـایـبەتـی چ لە بـواری خەتـخـۆشـــیـیەك و چ لە بـواری وەرگـێـڕانـدا پشـــتـی پـێ دەبەسـتن.(Cooper,1901.s30-31) ئەو (دوور لـە خورافـات ڕەسـامێکی بێوێنـە بووە. لـە خۆشنووسیشدا نێودار بووە)(موکریانی،2019،ل302). و (دەستی کۆڵین و داتاشین و نەخش و خەتخۆشیشی بووە) (شارەزا،1958،ل2) و (وا دەگێرنەوە کەیفی تەنیا هۆنەرەوەی شیعر نەبووە، بەڵکو دەس ڕەنگین و وەستای کۆڵین (زەنگوگراف و لیتوگراف) و دارتاشین و مۆزاییك و گرافیك و خەت خۆشیش بووە).(خەزنەدار،2004،ل32)

### 3-8-کەیفی و وەرگێران

**ئەلف: وەرگێرانی ئینجیل:** پەیوەندیی کەیفی بە کارکردن لە وەرگێرانی ئینجیل بۆ سـەر زمانی تورکی، بۆ یەکەم جار لە زاری مسیۆنەرەکانەوە ئاشکرا بوو، بەتایبەتی (Isaac G. Bliss) باس لە کوردێکی ئاگرپەرسـت دەکات کە ڕۆژێکیان ئینجیلێکی بە زمانی فارسـی دەکەوێتە دەسـت و زۆر پێی کاریگەر دەبێ و پاشـان لە چیایە دوورەکانی کوردسـتاندا کوڕە گەنجێك دێتە ماڵی ئەو کابرایە ئاگرپەرسـتە و سـەری لەو کابرایە و لە ئینجیلە فارسـییەکە سـوڕ دەمێنێ و پێی وایە ئەو ئینجیلە

راستییەکی بۆ هەیە و دواتر لای سەرۆکی هۆزەکەی دەبێتە کاتب و لەگەڵ سۆفییانی مسوڵمان هەڵدەستێ و دادەنیشێ، دەبینێ کە ڕۆحی ئینجیل لەنێو قورئانیشدا هەیە. دواتر دەچێتە موسڵ و لەوێ مەسیحییەکی تەبشیری دەناسێ و هۆگری دەبێ و پاشان دەچێتە ئەستەنبوڵ و لەوێ لەنێو مسیۆنەراندا دەبێتە خۆشنووس. لەبەر ئەوەی دەستوخەتی زۆر خۆش بووە و شارەزاییەکی باشی لە زمانەکانی عەرەبی، تورکی و فارسی هەبووە، ئەمە دەبێتە جێی سەرنجی مسیۆنەران. بۆیە لە وەرگێرانی کتێبی (پەیمانی نوێ) دا وەك ئەرکدار دادەمەزرێ. ئەو کاری وەرگێڕان و سەرپەرشتی چاپی ئەو ئینجیلەی کە لە ساڵی 1878 چاپ بوو دەکات. ئەگەر چی ئەو کابرایە وازی لە مسوڵمانبوونی خۆی نەهێناوە، بەڵام ئەوەندە بە عیسا کاریگەر بوو، خەڵك هەموو ئاواتیان بوو ڕۆژێك بەتەواوی عیساییبوونی خۆی ڕابگەیەنێ.(Bliss,1883.s 18-19 ) (Bliss) دوای باسکردنی ئەو بەسەرهاتە، بەڵام ناوی ئەو گەنجە کوردە ناهێنێ. دواتر لە ساڵی 1901 (A. A. Cooper) ئەو بەسەرهاتەی نێو کتێبەکەی بلیس دەگوازێتەوە و لە پاڵ ناوی دوو کەسی تر وەك ڕاوێژکاری پڕۆژەکە، ناوی ئەو کوردەش دەهێنێ و دەڵێ ئەو کەسە کەیفی ئەفەندی بووە و خاوەنی کەسایەتییەکی باش و کاریگەر بوو و لە ساڵی 1874 بەدوای حەقیقەتەوە هاتۆتە ئەستەنبوڵ(Cooper,1901.s31). (A. A. Cooper) زیادەی خستۆتە سەر قسەکانی و بە نەفەسێکی مسیۆنەرییانە دەیەوێ وا نیشان بدات کە کەیفی بۆ بوونە مەسیحی هاتۆتە ئەستەنبوڵ، لە کاتێکدا ئەوسا موسڵ و کوردستانیش بزاڤی مەسیحییەتی تێدابوو. هەر لەو سۆنگەیەوە (Eric M. Nort) لە کتێبەکەی خۆیدا کە لەبارەی مێژووی چاپی ئینجیلەکانە، ئاماژە بەوە دەدات کە لەسەر بنەمای پێداچوونەوەکەی کەیفی، ئینجیلە عوسمانییەکانی ساڵانی 1874، 1875، 1876 و 1878 دا چاپ کراون. (Nort,1938.s.333)

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی دیکە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1873 کە لیژنەی پێداچوونەوە بە هەموو نوسخەکانی ئینجیلی عوسمانی کۆبوویەوە، بۆ ئەوەی نوسخەیەکی باشی لێ هەڵبژێرن، ئەندامەکان لە چەند بیانییەك پێکهاتبوون و هەروەها یاریدەدەرەکانیان بریتی بوون لە شوکری ئەفەندی و ئەحمەد ئەفەندی، لە فەرمانبەرانی حکومەتی تورکیا و کەیفی ئەفەندی کە مەلایەکی عەرەب-کورد بوو لە کەنارەکانی دیجلە. ئەرکی پێداچوونەوەکاران بریتی بوو لە بەراوردکردن و پێداچوونەوە بە هەموو نوسخەی ئەو ئینجیلانەی کە بە زمانی عوسمانی چاپ کرابوون، بەجۆرێک کە چاپێکی گونجاو بێ بۆ بەکارهێنان و پێویستی هەموو چین و توێژەکانی خەڵك، جا مەسیحی بن یان موسڵمان، کە زمانەکەیان عوسمانلییە پڕبکاتەوە. دوای ئەوەی پێداچوونەوەی سەرەتایی بۆ کرا، لە ساڵی ١٨٧٤دا بە پیتی عەرەبیی عوسمانی چاپ کرا(Darlow,1903.s 595) . بۆچوونێکی دیکە پێی وایە سەرەتا پێشنیاز کرا کە ئینجیل بە تیپ و ڕێنوسی عوسمانی بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بە گونجاو نەزانرا. دواتر لە ساڵی 1866-1868 بە ڕێنووسی عوسمانی بڵاوکرایەوە. دوای دە ساڵ واتە (1876) لیژنەیەك کە پێکهاتبوون لە دوو تورك بە ناوەکانی شوکری ئەفەندی و ئەحمەد ئەفەندی هەروەها کوردێك بەناوی کەیفی ئەفەندی و شارەزای بیانیشی تێدابوو، پێداچوونەوەیان بە تەواوی کتێبی پیرۆزدا کرد. ئەو بەرهەمەش بە هەردوو ئەلفبێی عوسمانی و ئەرمەنی چاپ کرا. ) https://hristiyankitaplar.com/sites/hristiyankitaplar.com/files/epub_content/75/final_split_052.html(

کەیفی ئەفەندی لەلایەن لیژنەکەوە ڕێزی لێگیرا لە پای پێداچوونەوەی کۆتایی ڕێزمان و وشەسازیی تورکی؛ کەواتە ئەم کتێبە کە بنەمای نوێیی هەموو چاپەکانی داهاتووی کیتابی موقەددەسی پێکهێنا، ڕەنگدانەوەی زمانی کەیفی ئەفەندییە. ئەو لە ساڵی ١٨٨٢دا کۆچی دوایی کردووە(http://historyofturkishbible.wordpress.com/).

ئەوەی لەم زانیارییانەی سەرەوە هەڵدەهێنجرێ، دەتوانین لە چوار خاڵدا هەڵیسەنگێنین:

یەکەم: ناچێتە عەقڵەوە کە کەیفی ئایینی خۆی گۆڕیبێ، چونکە (بلیس) ئەوەی باس نەکردووە و بەڵکو دوای ئەو، کە پێمان وایە بەهۆی لایەنگیرییەوە وەك بەشێك لە پەیامی مسیۆنەریی ئەمەیان بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر نا کەیفی لەو پازدە وتارەی کە لە رۆژنامەی ترجمان حقیقت بڵاوی کردۆتەوە، نەك هەر لایەنگیریی بۆ ئایینی مەسیحی نەبووە، بەڵکو لە چەندین شوێندا شرۆڤەی بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەکات. بۆیە لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەمریکی و ئینگلیزی خەرجیی وەرگێرانەکەیان خستۆتە ئەستۆ، کەیفیش بۆ گوزەرانیی خۆی کاری لە پێداچوونەوەی زمانی کردووە.

دووەم: پێمان وا نییە کەیفی وەرگێری سەرەکیی بووبێ، چونکە چاپی ئینجیلی (عهد جدید)ی ساڵی 1875، کە گوایە لەسەر بنەمای پێداچوونەوە و بۆچوونە زمانەوانییەکانی کەیفی چاپ کراوە، ئاماژە بەوە دراوە کە لە زمانی یۆنانییەوە بۆ سەر زمانی تورکیی عوسمانی وەرگێڕدراوە و کۆمپیانیاکانی بیبلی ئینگلیزی و ئەمریکی خەرجییان خستۆتە سەر ئەستۆی خۆیان و لە وەزارەتی مەعاریفیشەوە مۆڵەتی چاپی بۆ وەرگیراوە و ئاغوب بۆیاجیانیش لە چاپخانەکەی خۆیدا چاپی کردووە[5]. دواتریش چاپی ساڵی 1906 و چەند چاپێکی تر هەر لە یۆنانییەوە بۆ عوسمانی وەرگێردراون. جا لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەك نییە کە بسەلمێنێ کەیفی زمانی یۆنانی زانیبێ، بۆیە ئەرکی کەیفی زیاتر پێداچوونەوە بووە بە تورکیی عوسمانییەکە و نووسینەوەی دەقەکە بووە بۆ ئەوەی بە خەتێکی خۆش بنێردرێ بۆ چاپ.

سێیەم: ئەگەر کەیفی بووبێتە مەسیحی و یان دڵی بۆ ئەوان لێدابێ، ناکرێ لە چەند ساڵێك دوای ئەوە لە رۆژنامەی ترجمان حقیقت دا وەڵامێکی توندی کونسوڵی ئینگلیز بداتەوە. لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا پشتیوانی هەرە گەورەی مەسیحییەکان و تەنانەت پشتیوانی چاپکردنی ئینجیلیش هەر ئینگلیزەکان بوون.

چوارەم: شیعرە شیوەنەکەی حاجی بۆ کەیفی کە بە گەرمی و لەدوای مردنی کەیفی ڕاستەوخۆ هۆنراوەتەوە، ئاماژەی بۆ ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کردووە کە خواپەرستان و چلەکێشان شەو تا بەیان دوعای خێری بۆ دەکەن. ئەگەر کەیفی ببووایە مەسیحی و تۆزقاڵێك باوەڕی لەق بوایە، حاجی ئەمەی بۆ نەدەگوت:

جنوبهم تتجافى عن مضاجعهم          يستغفرون لك بالغدو حتى حين

(کۆیی،1390،ل107)

لە کاتێکدا حاجی کەسێکی خواپەرست بووە و بەگوتەی (ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری کە سەردەمێك شیخ الاسلام بوو لە ئەستەمبوڵ و بەزۆری دیدەنی و ڕابواردنی لەگەڵ حاجی قادردا بووە، ئەو باسی کردبوو کە حاجی قادر تا مردن تەرکی نوێژ و تاعەتی نەکردووە)(محەمەد،2010،ل27).

**بێ: وەرگێرانی شیعری کوردی**

کەیفی لەو کاتەی کە وەڵامی هێنری ترۆتێری کونسوڵی ئینگلیز لە دیاربەکر دەداتەوە، ئەو دەمەی کونسوڵ لە وتارێکیدا هێرشی کردبووە سەر کوردان و وای ڕاگەیاندبوو کە کورد بێ فەرهەنگ و کولتوورن، ئیتر لە هەر دوو ژمارە (969) و (974) ی ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت دا، وەك وەڵامێك بۆ ترۆتێر، دوو دەقی شیعری کوردی دەهێنێتەوە، بۆ هەر ژمارەیەك و دەقێك و دواتر دەقەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی تورکی. ئەوەی لەم هەوڵەی کەیفی دەبینرێ بریتییە لە:

-هەڵبژاردنی دوو دەقی شیعری یەکێکیان بە زاری گۆران و ئەویتر بە زاری کوردیی ناوەند، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەیفی بەباشی شارەزای شیعری هەردوو دیالێکت بووە.

---

[5] وا دیارە ئەم ئاغوب بۆیاجیانە خۆی مۆڵەتی چاپی وەرگرتووە و چاپخانەکەیشی هەر بە ناوی خۆیەوە بووە. لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە مێژووی 1292/6/16ی کۆچی (بەرامبەر 1875/7/20ز) لەسەرە، ئاماژە بەوە کراوە کە: ئاگۆب بۆیاچیان ئەفەندی مۆڵەتی چاپکردنی تەورات و ئینجیلی بە زمانەکانی ئەرمەنی و تورکی پێدرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (MF.MKT.00030.00078.001)

-تا ئێستا ئەوەی ئێمە بزانین، یەکەمین هەوڵی وەرگێڕانی شیعری کوردی بۆ زمانی تورکی، ئەم هەوڵەی کەیفی بووە.
-یەکەمین جارە کە بە شازدە ساڵ پێش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان، دەقی کوردی لە ڕۆژنامەیەکی تورکیی عوسمانی بڵاودەبێتەوە.
-لە وەرگێڕانەکەدا زۆر بەقووڵی دێر بە دێر واتای شیعرەکانی لێکداوەتەوە و هەوڵی داوە وێنەشیعرییەکان ئەدەبیانە بچنێ و نیشانی ترۆتێر و تورکزمانان بدات کە کورد خاوەنی چ ئەدەبیاتێکی ناوازەیە.
-شیعرەکەی بە زاری گۆران، بێ ئەوەی ناوی شاعیرەکە بهێنێ، وەك نیشاندانی دێرینبوونی ئەدەبیاتی کوردی زۆر بە کۆنی لەقەڵەم دەدا، لە کاتێکدا شیعرەکە هی مەولەویی کوردە و ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە هێشتا مەولەوی خۆی لە ژیاندا بووە، کەیفی شیعرێکی ئەوی بڵاوکردۆتەوە و وەریگێڕاوەتە سەر تورکی.

### 4-8-کەیفی و کارکردن لە کونسوڵگەریی فەڕەنسا

ئەو سەرچاوانەی باس لە پەیوەندیی کەیفی بە کونسوڵگەرەکانی بیانی دەکەن، کۆنترینی نووسینێکی کەریم شارەزایە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئاماژە بەوە دەدات کە لە ئەستەنبوڵ و لە کونسوڵگەریی فەڕەنسا وەك وەرگێڕی فەڕەنسی بۆ تورکی کاری کردووە. (کەیفی بەهیوای فرمان و پێشکەوتن ڕووئەکاتە پایتەختی سەلتەنەت-ئەستەنبوڵ- و هاتوچۆی باڵیۆزخانەکانی بێگانە ئەکا و بە ماوەیەکی کەم فێری زمانی فەڕەنساوی ئەبێ و ئەکرێ بە موتەرجیم لە باڵیۆزخانەی فەڕەنسە بۆ گۆڕینی زمانی فەڕەنسی بۆ تورکی)(شارەزا،1958،ل2). لێرەدا دەردەکەوێت کە کەیفی فەڕەنسییەکە لە ئەستەنبوڵەوە فێر بووە و لە نیوەی دووەمی دەیەی حەفتاکانی سەدەی نۆزدە بە کاری فێربوون و وەرگێڕانی فەڕەنسی خەریك بووە و لە چەند ساڵی یەکەمی دەیەی هەشتایش بەڵگەی فێربوونی فەڕەنسییەکەی لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) دەردەکەوێت کاتێك باس لە واتای وشەیەکی فەڕەنسی و خوێندنەوەی بەرهەمی فەرەنسییەکان دەکات.

### 5-8-کەیفی و کاری پارێزەریی

ئەوەی زانراوە تا ئێستا دوو سەرەداو دەبینرێن لەبارەی کەیفی و کاری پارێزەرایەتی، یان خوێندنی لە فاکەڵتیی حقووق لە ئەستەنبوڵ. (عەلائەدین سەجادی) بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کە باس لە حاجی قادر و کەیفی دەکات وا نیشان دەدات کە هەردووکیان لە ئەستەنبوڵ (ئەکەونە پەنای بەدرخانییەکانەوە، کەیفییان خستۆتە حقووق و حاجی قادریش بووە بە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان پاشا)(سجادی،1952،ل236). بێگومان ئەگەر ڕاست بێ کە کەیفی حقووقی تەواو کردبێ ئەوا دەگونجێ دواتر بووبێتە پارێزەر و کاری پارێزەرایەتی کردبێ. سەرداوێکی تر بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونە، لە نووسینێکی خودی کەیفیدا لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) دا کاتێك لەگەڵ پارێزەرێك گفتوگۆ دەکات، لە کۆتاییدا پارێزەرەکە بە کەیفی دەڵێ تۆ لە من پارێزەرتری! کەیفیش بە تەوازوعەوە دەڵێ حاشا!(ك-ی،4 شعبان 1298،ص3)

### 6-8-کارکردنی کەیفی لە ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت

کەیفی لە ماوەیەکی دیاریکراودا وتارگەلێکی لە ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت بڵاوکردۆتەوە و ئەم بایەخدانە بە کەیفی و ئەو وەڵام و وەڵامکارییە لەنێوان کەیفی و چەند نووسەرێکی ئەوسا، گومانی ئەوەی دروست دەکرد کە کەیفی یان نێوانی زۆر خۆش بێ لەگەڵ ستافی ڕۆژنامەکە، یانیش بەشێك بێ لە ستافی ڕۆژنامەکە. کەیفی لە ئەستەنبوڵ (هەندێك وەزیفەی جۆراوجۆری دیوە و لەوانە موحەرری جەریدەیەکیش بووە)(موکریانی،2019،ل302). بەوردبوونەوە لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت دا، نووسینی قوتابییەك بەناوی (ئیدریس) دەبینین، ئەو کە بە نووسینەکانی کەیفی سەرسامە و لە وتارێکدا بەناوی (تورکی نازانێت) ئاماژە بەوە دەدات کە

ڕۆژنامەکە ماوەیەك کەیفیان لە ڕۆژنامەکە دامەزراندبوو تا بۆیان بنووسێ، بەڵام وا دیارە پارێزەرێکیان هێناوەتە شوێنی ئەو و ئەویان لەسەر کارەکە لاداوە. (ادریس،16شعبان1298،ص3) وێڕای ئەمەش بە دانپێنانی ڕۆژنامەکە، لە ڕاگەیاندنی هەواڵی مردنەکەی ئاماژەیان بەوە داوە کە کەیفی لە ڕۆژنامەکەدا خزمەتی کردووە: ئەو پێشتر خزمەتی ڕۆژنامەی کرد و بۆیە ڕۆژنامە ئەمەکدار و منەتدارێکی گەورەی کەیفی ئەفەندییە و لەسەر ئەو خزمەتانەی ئەو پێشکەشی کرد تا هەتایە تەرجومانی حەقیقەت شوکرانەبژێری ئەوە و ڕەحمەتی بۆ دەنێرێ. (ترجمان حقیقت، 15 ربیع الاخر 1300،ص2) ئەوەی لە پارچە نووسینی قوتابییەکە دەردەکەوێت، بریتییە لە:

-ناوی کەیفی بە ڕۆژنامەنووس هاتووە، واتە بە ڕەسمی ئەوسا هەر تەنیا نووسەرێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو بە کاری ڕۆژنامەنووسیشەوە خەریکبووە.

-کەیفی بە ڕەسمی لە ڕۆژنامەکە کاری کردووە و بابەتی (مواد فنیە)ی نووسیوە، کە لە هەر ژمارەیەکدا بابەتێکی گرنگ لەبن ئەو ستوونە دەنووسرا.

-کەیفی ناچار کراوە کە دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە، دیاریش نییە هۆکارەکە چی بووە، دواتر پارێزەرێك هێنراوەتە شوێنی ئەو و بەبۆنەی ئەو وەڵام و وەڵامکارییەی کە کەیفی بە زمانێکی ڕەخنەییەوە شاشی و کێماسیی نووسەرەکانی تری بەدیاردەخست، بۆیە وا دیارە پارێزەرێکیان هێناوەتە شوێنی ئەو و بەگوێرەی خاوەنی ئەم نووسینەی سەرەوە، ئەو پارێزەرە ئاستی لاوازە و وەك کەیفی زانا نییە و وەکو ئەویش زمان نازانێ.

-ئیدریس کە خاوەنی ئەو نووسینەی سەرەوەیە بە جێناوی کۆ دەنووسێ و پێی وایە بە نەمانی کەیفی ئەو و خوێنەران زیان دەبینن، چونکە گەواهی ئەوە دەدات کە لە ڕۆژنامەکەدا تەنیا ستوونەکەی کەیفی جێی سوود و ڕەزامەندیی خوێنەران بووە.

**9-کەیفی و نازناوی (ك-ی)**

لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسینانەی کەیفی کە لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت)دا بڵاوبوونەتەوە، لە جیاتی ناوی کەیفی، (ك-ی)ی نووسیوە. ئەمە بۆتە جێی سەرنجی خوێنەرانی ئەوسا، قوتابییەکی مەکتەبی حقووقی شاهانە بەناوی (ارتین. م. موسدیجیان) لە 23ی حوزەیرانی ساڵی 1297ی ڕۆمی و لە ژمارە 912ی ڕۆژی 8ی شەعبانی ساڵی 1278ی کۆچی ئاماژەی بەوە داوە کە لە ژمارە 909ی ڕۆژنامەکەدا کەسێك بەناوی (ك-ی) بابەتێکی نووسیوە لەبارەی (ئەوەی پووچ و باطلە، ناوەڕۆکەکەیشی باطلە)، وەك توانج تێگرتنێك و ڕەخنەیەك ئەوە دەردەبڕێ کە نووسەر ناوی خۆی بە دوو پیت نووسیوە. وەك ئەوەی ئەمە نووسەر نەبێ دەنا بۆ ناوی خۆی نانووسێ، وا دیارە وێڕای ئەوەی وەڵامی ناوەڕۆکی نووسینەکەی کەیفی داوەتەوە، ڕەخنەیشی لە بەکارهێنانی (کاف و یێ) یە لە جێی ناوی کەیفی. دوای تەواوبوونی نووسینەکە، ڕۆژنامەکە ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ نووسیوە و ئاماژەیان بەوە داوە وەك هەموو جاران لە ڕابردوودا ئاماژەمان پێ کردووە کە ئەو کەسەی بە ناوی (ك-ی) لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئێمە بە نووسینەکانی دەڕازێنێتەوە، ئەوە کەیفی ئەفەندی یە.(موسدیجیان،8شعبان1298،ص3). لەمەوە دەردەکەوێت کەیفی خۆی حەزی بەوە کردووە کە لەجێی ناوەکەی خۆی (ك-ی) بنووسێ و ئەمەش لای ڕۆژنامەکە شتێکی زانراو بووە، نەك هەر ئەمە بەڵکو ڕۆژنامەکە زۆر جار ئاماژەی بەوە داوە کە (ك-ی) مەبەست لێی کەیفی ئەفەندییە. ئیتر لەوە بەدواو دوای ئەو ڕەخنەیە، لە نووسینەکانی تری کەیفی دا، ناوی خۆی وەك (کیفی) نووسیوە.

**10-مردنی کەیفی**

**10-1-کاتی مردنی:** زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەیفی لە ساڵی 1300ی کۆچی، مردووە، ئەم سەرچاوانە هەموویان پشتیان بە شیعرەکەی حاجی قادر بەستووە، کە چوار دێری بە زمانی تورکییە و لە دێری چوارەمدا بەپێی حیسابی ئەبجەدی وەها دەنووسێ:

کبیر در بو مصیبت، عظیم واقعه در (صغیر) یازینه تاریخی، خامەی مشکین(کۆیی،1390،ل108)

واتە: ئەم موسیبەتە گەورەیە و ئەوە ڕووداوێکی زۆر مەزنە، خامەی مشکین مێژووەکەی بە (صغیر) نووسی، ئەم چوار پیتەش بە گوێرەی حیسابی ئەبجەدی (ص 90+ غ 1000+ ی 10+ ر 200)= 1300. ئەگەر لە پەنجا ڕۆژی سەرەتای ساڵی 1300 مردبێ، ئەوا دەکاتە پەنجا ڕۆژی کۆتایی ساڵی 1882ی زایینی، ئەگەر دوای ئەو پەنجا ڕۆژە بووبێ، ئەوا دەکەوێتە ساڵی 1883ی زایینی.

سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا کە دیوانی حاجی قادری کۆییان ئامادەی چاپ کردووە، ئاماژەیان بەوە داوە کە کەیفی لە ساڵی 1882 کۆچی دوایی کردووە، بە بڕوای ئێمە ئەم مێژووە هەڵەیە، چونکە کەیفی لە ژمارە 1383ی ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) بەناوی مێژووی زەوی (تاریخ ارض) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە. ئەو ژمارەیە لە ڕۆژی یەکشەممە 12ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی 1300ی کۆچی بەرامبەر 1883/1/21ی زایینی چاپ کراوە، ناکرێ دوای مردنی وتارەکە چاپ کرابێ و ڕۆژنامەکە ئاماژەیان بە مردنی ئەو نەدابێ، چونکە خۆی لە پێشەکیی ئەو وتارەدا دەڵێ چیبکەم ناتوانم ببمە شاعیر! واتە هێشتا ئەو لە هەڕەتی نووسین و چالاکیدا بووە. ئەو وتارەی ناوبراو کۆتا وتاریەتی لە ڕۆژنامەکە و ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەدوای ژمارەکانی دواتردا بگەڕێین تا هەڵوێستی ڕۆژنامەکە لەبارەی مردنی کەیفی بزانین، ئاخۆ ڕۆژنامەکە باسی مردنەکەی کردووە یان گومانی تر دروست دەبێ کە کەیفی زۆر دوای ئەو ساڵە مردووە. لە لاپەڕە دووی ژمارە 1411ی ڕۆژنامەکەدا کە لە 15ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی 1300 (بەرامبەر 1883/2/23ز) بەسەر هەواڵی مردنی کەیفی ئەفەندی کەوتین، کە مانگێك و سێ ڕۆژ دوای کۆتا نووسینەتی و لە برووسکە ماتەمینییەکەدا ئیدارەی ڕۆژنامەکە نیگەرانی خۆی لە مردنی ڕاگەیاندووە و، ئاماژەی بەوە داوە کە دەوری دوو هەفتە لەمەوبەر کەیفی ئەفەندی کۆچی دوایی کردووە و، پەسنێکی لەڕادەبەدەری ناوبراوی داوە و وەك یەکێك لە ئەدیب و ڕۆشنبیرەکانی کوردی حسێب کردووە. کەواتە ئەگەر دوو هەفتە پێش ئەو برووسکە ماتەمینییە حیساب بکەین، ئەوا مێژووی مردنەکەی دەکاتە دەوروبەری 1883/2/10. لێرەدا دەرکەوت کە حیسابە ئەبجەدییەکەی حاجی قادر زۆر تەواوە و ئەوە دەبێتە بنچینەی ڕاست و دروستی مێژووی کۆچی دوایی کەیفی.

**10-2-شوێنی مردنی:**

تا ئێستا زانیارییەکی ورد لەبارەی شوێنی مردنی کەیفی نەزانراوە، ئەگەرچی حاجی قادری کۆیی ئاماژە بەوە دەدات کە دوای نەمانی کەیفی ئەستەنبوڵ وەك دۆزەخ وایە، ئەمەشی لە پەرۆشی خۆی بووە بۆ نەمانی کەیفی. بەڵام سەبارەت بە شوێنی کۆچکردنەکەی دوو بۆچوونی جیاواز هەن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: کەیفی لە ئەورووپا کۆچی دوایی کردووە: ئەم بۆچوونە یەکەم جار محەمەد میهری خاوەنی گۆڤاری کوردستان (1919)ی ئەستەنبوڵ، لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا دەڵێ: زۆر بەداخم کە (کوردی) لە تاران و (بێتووشی) لە یەمەن و (ڕەضا) لە بەغدا و (کەیفی) و (خەیاڵی)یش لە ئەورووپا، (نالی) و (حاجی) و (هیجری)یش لە ئەستەنبوڵ وەفاتیان کردووە و لە خاکی غەریبیدا ئەسپەردە کراون و لە سینەی دایکی نیشتماندا بێ بەش بوون و نەنێژراون.(م،1337/3/28،ل5).

دووەم: کەیفی لە حەپسخانەی ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە:ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە کەیفی ئەفەندی لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە و دوایین ساتەکانی ژیانیشی لە زیندان بەسەربردووە و هەر لە زیندانیش مردووە (کەیفی ئەفەندی لەسەر مەسئەلەیەکی سیاسەت حەپس کراوە، بەقسەی هەندێك لە حەپسخانەدا مردووە) (دەستخەتی نەجمەدین مەلا).

ئەم بۆچوونە ڕێی تێدەچێ، بە بەڵگەی ئەوەی حاجی قادری کۆیی کە هەڤاڵ و هاوڕێی غەریبیی کەیفی بووە لە ئەستەنبوڵ، لە شیعرێکدا ئاماژە بەو بابەتە دەکات و دەڵێ:

لە قوڕ بنیشــە بڵێ قەوم و قیلە هــاوارە/ئەســیرە کەیفی لە ڕۆمــا لە حەپســی زێری زەمین(کۆیی،1390،ل105)

ئەم حەپسی ژێرزەمینە ئەگەرچی بە مانا ڕواڵەتییەکەی واتە زیندان، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعرەکە لەبارەی مردنی کەیفییە، زیاتر ڕێی تێدەچێ مەبەست لە حەپسی ژێرزەمین گۆڕی کەیفی بێ کە لە ئەستەنبوڵە، بۆیە بۆچوونی مردنی کەیفی لە ئەستەنبوڵ و تەنانەت ناشتنیشی هەر لەو شارەدا زیاتر ڕێی تێدەچێ.

**10-3-هەواڵی مردنی کەیفی لە ڕۆژنامەیەکی عوسمانیدا**

ئەوەی تا ئێســتا بۆ ئێمە دەرکەوتووە، وتارەکانی کەیفی تەنیا لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) دەبینرێن، بۆیە دوو هەفتە دوای مردنی، لە 1883/2/23 ڕۆژنامەکە بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی مردنەکەی ڕادەگەیەنێـت. لە هەواڵەکەدا هـاتووە: کەیفی ئەفەنـدی کە لە ڕۆژنـامەکەمـانـدا زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ئەو دەبینرێ، پێش ماوەیەك تووشی خوێنبەربوونی مایەسیری بوو و دەوری دوو هەفتە لەمەوبەر نەیتوانی ڕزگاری ببێت و دونیای بەجێهێشت، مخابن دوێنێ بەداخێکی زۆرەوە ئەو هەواڵەمان بیست. ئەفەندیی ناوبراو یەکێك بوو لە ناودارانی کورد و دەسـتێکی باڵای لە بڵاوکردنەوەی نووری زانســت هەبوو و بەتایبەتی لەو بوارەدا خاوەن هەوڵ و کۆشـــشـــێکی بێسنوور بوو. لە ڕووی ئەخلاقەوە نەرم و نیان و تەوازوعێکی زۆری هەبوو، ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو کەس هەبوو، تەنانەت دڵی کەســی نەڕەنجاندووە و مرۆڤێکی خووفریشـــتەیی بوو. بەم شێوەیە لە ڕووی ڕەوشت و زانستەوە کەسایەتییەکی گەورە بوو، بەڕاستی وەك چرایەکی گەورە دەهاتە هەژمار. ئەو پێشـــتر خزمەتی ڕۆژنامەی کرد و بۆیە ڕۆژنامە ئەمەکدار و منەتدارێکی گەورەی کەیفی ئەفەندییە و لەســـەر ئەو خزمەتانەی ئەو پێشـــکەشـــی کرد تا هەتایە تەرجومانی حەقیقەت شـــوکرانەبژێری ئەوە و ڕەحمەتی بۆ دەنێرێ. خوای بەخشـــەر و بەبەزەیی ئەم زاتە پایەبڵندە غەریقی دەریای لێخۆشـــبوونی خۆی بفەرمووێ.. ئامین.(ترجمان حقیقت،15ربیع الاخر 1300،ص2)

**11-کەیفی و داننان بە شاعیرنەبوونی خۆی**

کەیفی ئەگەرچی ئەو کاتەی لە کوردستان بووە بە شاعیر ناوی دەرکردووە و هەر دانانی نازناوی (کەیفی) بۆ خۆی واتە خۆحسێبکردن بە شاعیر، بەڵام کە سەفەری ئەستەنبوڵ دەکات، ئیتر دەرگای دونیایەکی تازە و ژیانێکی نوێی بەســـەردا دەبێتەوە و هەســـت دەکات ئەو بۆ شـــیعر نەخولقاوە، بەتـایبەتی نـاســـراو و بەرجەســـتەبوونی لە ڕۆژنـامەی (ترجمـان حقیقت) بەهۆی نووســـینە فرەمژارەکانییەوە، کە ئەوەندەی بەو نووســـینانە گەنگەشـــە دەخولقێنێ، ئەوەندە ناتوانێ بەهۆی شیعرەوە پەیامەکانی بگەیەنێ، بۆیە لە ژمارە ١٣٨٣ ی ڕۆژنامەکە نووسینێك بە ناوونیشانی "چی بکەم کە ناتوانم ببمە شـاعیر(کیفی،1883/1/22،ص2-3) "بڵاودەکاتەوە.کە نیشـانەی ئەوەیە کە ئەو لە مەیدانی تردا خۆی دۆزیوەتەوە و ئیتر خۆی بۆ شـــیعر تەرخان ناکات، ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکار بووبێ وەك شاعیرەکانی تر دیوانێکی تەواوی لەپاش بەجێنەمابێ.

ئەم تەوازوع نیشـاندانەی کەیفی ڕێی لەوە نەگرتووە کە لەلایەن کەسـانی ترەوە لە ڕیزی شـاعیرە گەورەکانی کورد حسێب بکرێ. بۆ وێنە عەبدولرەحمان ناجم لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) و لە

وەڵامی ترۆتەری کونسوڵی ئینگلیزدا کاتێك باس لە زانایانی کورد دەکات و پاشان دێتە سەر باسی شـــاعیرانی کورد، کەیفی لە ڕێزی شـــاعیرە گەورەکان دادەنێ (ئەحمەدی جزیری، مەولەوی، گۆرانی، نالی و خەیاڵی سلێمانی، فیکری و صـابری، کەیفی و کەشـفی، سـامی و کامی، سـەلیم و فەهیم ئەفەندی، مسـتەفا بەگی کوردی و عەبدولرەحمان بەگ، شـیعر و غەزەلی کوردییان هەیە و بەرهەمەکـــانـــیـــان وێـــڕای ئەوەی ســــیـــحـــرێـــکـــی حەلالـــن، پـــڕن لە کەمـــالات و مەعاریفیش!(ناجم،1881،ص2-3) ئەوەی جێی سەرنجە لەو مێژووەدا کەیفی هێشتا لە ژیاندایە و خۆیشــی بەشــدارە لە وەڵامدانەوەی مۆســیۆ ترۆتەر. ئەمەش ئەوە دەســەلمێنێ لەلای کەســایەتییە گەورەکانی کورد لە ئەستەنبوڵ، کەیفی پێگەیەکی گەورەی شیعری هەبووە.

**12-کەیفی و دانوونەکوڵان لەگەڵ نووسەرانی سەردەمی عوسمانی**

کەیفی ســـەرباری زیرەکییەکەی، بەڵام لە مامەڵەکردندا لە نووســـینەکانیدا دیارە زۆر توند بووە، هەمیشــە نووســینەکانی بوونەتە جێی گەنگەشــە و گفتوگۆی زۆریان هەڵگرتووە. هەر لەنێو خودی ڕۆژنامەی ترجمان حقیقت دا چەندین جار وەڵامی دەدرێتەوە. وەڵامدانەوەکان زۆربەیان پاســاویان ئەوە بووە کە کەیفی زۆر بەتوندی هێرشـــی کردوونەتە ســـەر، تەنانەت بەکۆمەڵ وەڵامی کەیفیان داوەتەوە. ئەوەتـا لە ژمـارە (1103) ی ڕۆژنـامەی (ترجمـان حقیقت) دا، هەر یەك لە (حلمی، اســـماعیل حقی، اســـعد، ســـداد، وغیرهم) واتە جگە لەم چوار ناوە هی تریش هەبوونە بەڵام ناوی خۆیان نەنووســـیوە، تێیدا ئەو ڕەخنانەی کە کەیفی لەبارەی (قواعد عثمانیە) ڕێزمانی عوســـمانی گرتوونی، ئەوان وەك هێرشـــێکی ئاگرینی دەبینن. بۆیە شـــکـایەتی حاڵی خۆیـان بۆ موحەریری ڕۆژنامەکە بردووە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ کەیفی دابنێ.

**13-بەرهەمەکانی کەیفی**

**1-کەیفی و کتێب:** بەگوێرەی نووسینەکانی کەیفی لە ترجمان حقیقت (ڕەنگە نووسینی تری لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تری ئەوسەردەمەش هەبووبن، بەڵام هێشتا نەدۆزرابنەوە)، دەردەکەوێت کە کەیفی تەنیا بە شیعرەوە خۆی نەبەستۆتەوە، بەڵکو لەو زانستە جۆربەجۆرانەی کە بوونەتە مژاری وتارەکانی، بۆی هەیە کتێبی سەربەخۆی هەبووبێ. بە دوو بەڵگە دەتوانین نزیك بینەوە لەوەی کەیفی کتێبی هەبووە، بێ ئەوەی بزانین بە چ زمانێك بوونە و بە چ ناوێکەوە بڵاوی کردوونەتەوە.

1-حاجی قادر لە شـــیننامەکەی بۆ مردنی کەیفی، وەها نیشـــان دەدا ئەم کتێبە بخوێنەوە دەیناســـی، لەگوینە کە کتێبەکە هی خودی کەیفی بووبێ و بەهۆی ئەو کتێبەوە بۆمان دەربکەوێت کە کەیفی چ زانا و کەسایەتییەك بووە و حاجی وای نیشان دەدا کە پێویست بە وەسفکردنی ناکا، لەبەرئەوەی بە خوێندنەوەی کتێبەکە خوێنەر باش تێدەگا کە چی بووە!

2-(موجریم) شـاعیرێکی کوردە و شـیننامەیەك بۆ مردنی (ئەختەر)ی شـاعیر دەنووسـێ و وێڕای داخ بۆ دیوانی نالی و حاجی، ئاخیش هەڵدەکێشێ بۆ کتێبی کوردی و کەیفی:

دیوانی نالی و حاجی بەتاڵ بوون کـــتـــێـــبـــی کـــوردی و کەیـــفـــیـــش دڕێغا(عبدالواحد،1976،ل24)

وا نازانرێ کە کتێب لە جیاتی دیوان هاتبێ، چونکە کەیفی شـیعری ئەوتۆی نەکەوتۆتە بەردەسـت، لێرەدا دەگونجێ مەبەسـتیشـی مسـتەفا بەگی کوردی نەبێت، بەڵکو مەبەسـتی کتێبی کوردیی کەیفی بووبێ، لەوەشـــەوە دەگونجێ کەیفی کتێبی بە کوردی نووســیبێ، بێ ئەوەی بزانین چ جۆرە کتێبێك بووە. ئەم دوو خاڵەی ســـەرەوە ئەگەر بە ڕەهاییش بۆمان نەســـەلمێنن، ئەوا بابەتی هەبوونی کتێبی کەیفی دەوروژێنن، تا لە داهاتوودا سەرەداوی ئەم زانیارییانەش بە بەڵگەوە پشتڕاست دەبنەوە.

**2-پوختەی وتارەکانی کەیفی لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت)**

کەیفی پازدە وتاری لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردوونەتەوە, کە هەندێک لە وتارەکانی چەند بەشـــێکن. بەم شێوەیە:

لە ژمارە 526 ی 1297/4/4ك، کە دەکاتە بەرامبەر (1880/3/16ز)بەناوی (فن نحودن بیر مسئلەنك حلی- شیکاری مەسەلەیەك لە نەحوودا) کە ناوی خۆیشی بە (ك-ی-ف-ی) نووسیوە، ڕەخنەی لە کتێبێك گرتووە، کە لە ژمارە 498 و 495 ی ڕۆژنامەکەدا باسی کراوە تێیدا لەسەر بابەتێك دەوەستێت کە وشەیەك بە هەڵە واتای لێکدراوەتەوە.
لە ژمارە 545 دا کەیفی بەناوی (استفادە نیتیلە افادە-گوتنێك بەنیەتی سوودوەرگرتن)، ڕەخنە لە کتێبی (ربیع معرفت)ی (ابوضیا توفیق) دەگرێ، کە کتێبەکە لە شێوەی تەقویمە و چەند زانیارییەکیشی تێدا تۆمارکراوە، کەیفی یەك بە یەك هەڵەکانی کتێبەکە دەستنیشان دەکات. لە شوێنێکدا ڕەخنە لە وشەی (مناح) دەگرێ کە نووسەر بە وشەیەکی عیبری داناوە و ئەویش بەوردەکاریی باس دەکات کە ئەم وشەیە عیبری نییە، وەك ئەوەی کە کەیفی شارەزاییەکی باشیشی لە زمانی عیبرانی هەبێ(کیفی،26ربیع الاخر1297،ص3). ئەم وتارەی کەیفی دووەمین نووسینیەتی لەو ڕۆژنامەیە.
لە ژمارە 785 و لەبن ستوونی (مواد فنیە) کەیفی ڕەخنە لە کتێبی (قواعد عثمانیە) دەگرێ و ئاماژە بەوە دەدا کە چەند حەفتەیەك لەمەوبەر لە ڕۆژنامە بەرێزەکەتاندا کە ژمارەکەیم بیرچۆتەوە، بەسەر ناساندنی کتێبی (قواعد عثمانیە) دا کەوتم، ئەنجا لە نیو ستووندا هەندێ ڕەخنە لە کتێبەکە دەگرێ.(ك-ی،1881/2/6،ص3)
لە ژمارە 787 لەبن ستوونی (مواد فنیە)دا و بە کورتە وتاری (بیر مسئلەء ریاضیە) ڕەخنە لە فرەنسییەکان دەگرێ لەبارەی گۆی زەوی و ڕووکاری دەریا و مەسەلەی بیرکارییەوە و ئاماژە بەوە دەدات کە حوکەمایانی فەڕەنگ هەڵەیان کردووە و بەو هۆیەوە گەڕامەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو و ئوستادی هەموو زانستان و نووسەری لێهاتوو ئیبن ئادەمی کوردیم هاتەوە بیر کە ناوبراو کتێبی (تمرین المقاصد)ی نووسیوە و تێیدا باسی ئەو مەسەلەی کردووە. کەیفی پرسیارێکی زانستیی لەو بارەوە دەکات و دەڵێت هەر کەسێك وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕوونی بزانێت، ئەوا نەخشەیەکی عەرەبی بکەمە دیاری کە لە شێوەی کتێبێکە لەبارەی توێکاری لەشی مرۆڤ.(ك-ی،1881/2/8،ص3).
لە ژمارە 865 هەر بە ناوی (ك-ی) و لەژێر ناوی ستوونی (ورقە)، کورتە نووسینێکی نووسیوە و تێیدا باس لەوە دەکات کە بەرگی یەکەمی بڵاوکراوەی (خزینەء اوراق)ی کڕیوە و ئابوونەی ساڵێکی داوە و پێی وایە ئەگەر مانگانە چوار جار بێ، نابێ هەموو هەینییەك بێ. ئەگەر وابێ ساڵانە خوێنەر لە ڕووی مادییەوە زەرەر دەکات. لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ بڵاوکراوەکە دەخوازێ.(ك-ی،1881/5/12،ص3)
لە ژمارە 869 دا کەیفی وەڵامێکی (ادریس سالم) دەداتەوە کە لە ژمارەی پێشوودا واتە ژمارە (868) دا داوای لە کەیفی کردبوو وەڵامی بداتەوە، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو دەربرینی (بکنمیورایمش و بکندم) و پێی وایە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە و لە کۆتایی کورتە نووسینەکەیشی ئەم دێرە شیعرەی حافزی شیرازی هێناوەتەوە بێ ئاماژەدان بە ناوی شاعیرەکە:
سخن سربستە گفتی با حریفان خدا را ازین معمّا پردە بردار(ك-ی،1881/5/17،ص3)
لە ژمارە 901 دا چەند سەرنج و تێبینی و ڕاستکردنەوەیەکی لەسەر کتێبی (تلخیص صرف و نحو عربی) نووسیوە. تێیدا هەڵەی شەش دەربڕینی کتێبەکەی دیارکردووە و بۆ هەر هەڵەیەکیش بە چەند خاڵێك سەرنجی خۆی نووسیوە. کتێبەکە هی نووسەر احمد حمدی یە و لە قوتابخانە ڕەسمییەکان خوێنراوە. (ك-ی،1881/6/23،ص3)
لە ژمارە 909 دا وتارێکی درێژی کەیفی دەبینرێ، تێیدا ڕەخنەی لە ماددەیەکی نێو (مجلە احکام عدلیە) گرتووە، ئەویش بڕگەی (بر شی باطل اولدقدنك ضمننده‌کی شی دخی باطل اولیور= شتێکی

پووچ و باطل ئەوەی لەنێویشیدایە پووچ و باطلە)، سەرنجەکەی ئەو لەسەر وشەی (ضمن)ە، ئەوەش لەوەوە هاتووە کەیفی باس لەوە دەکات کە یەکێ لە خزمانی کێشەی دەستبەسەرداگرتنی ماڵی هەبوو، وا دیارە ئەویش بۆ ئەوەی ببێتە وەکیلی دەبێ بەرەو دادگا بچێ، ئینجا لە ڕووی یاسا و ئوسولی فیقهەوە باسی ئەو کێشەیە دەکات و دواتر دیالۆگێك لەنێوان خۆی و پارێزەرێك دروست دەکات و ڕەخنە لەوە دەگرێ کە بەگوێرەی بڕگەی ماددەکە و لە ڕوانگەی واتای وشەی (ضمن) کارەکە بە جۆرێکی تر دەبێ، بۆیە پارێزەرەکە پێی وایە دەبێ بگەڕێینەوە سەر واتای (ضمن) لە قامووسەکانی عوسمانی، تەنانەت لە دیالۆگەکەدا بە کەیفی دەڵێ کە پێویستە کتێبی (تشریح القواعد الکلیه) تەماشا بکات. کەیفیش ئەو بنەما فیقهیەی بۆ دێنێتەوە کە دەڵێ: (دلالة اللفظ بسبب وضع الواضع اما علی تمام ما وضع له وهی بالمطابقة واما علی جزئه وهی بالتضمن واما علی ما هو الخارج عنه وهی بالالتزام[6]) لە کۆتایی وتارەکەدا پارێزەرەکە بە کەیفی دەڵێ تۆ لە من پارێزەرتری! ئەویش بە حاشا وەڵامی دەداتەوە.(ك-ی،1881/7/2،ص3) لەمەوە دەردەکەوێت کە کەیفی پارێزەر بووە و ئاستیشی زۆر بەرز بووە کە لە لایەك لە ڕووی یاساییەوە ڕەخنەی لە (مجله احکام عدلیه)ی عوسمانییەکان گرتووە و لە لایەکی تریش بە بەڵگەی هەڵهێنجراو لە زانستی مەنتیقەوە بۆچوونەکانی خۆی سەلماندووە و بۆچوونەکانی ئەوانی بە هەڵە لەقەڵەم داوە.

لە ژمارە (912) (ارتین. م. موسدیجیان) قوتابی مەکتەبی حقووقی شاهانە، وەڵامی وتارەکەی پێشووتری کەیفی داوەتەوە کە لە ژمارە (909) بڵاوبۆتەوە، لەوێدا وێڕای ئەوەی ڕەخنەی لە بابەتەکەی کەیفی گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەیفی وەك نووسەرێکی نەناسراو ناساندووە کە بە دوو پیت ناوی خۆی نووسیوە، ستافی ڕۆژنامەکەش لە کۆتایی نووسینەکەدا ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەم (ك-ی) یە ناوی کەیفی ئەفەندییە (موسدیجیان،8شعبان 1298،ص3).

ژمارە (914) وەڵامی کەیفی یە بۆ (ارتین م. موسدیجیان)، نووسینەکە لە دوو ستووندا و بە ناوی (اغز صاتماق- دەم فرۆشتن) باسی وەڵامە نازانستییەکەی موسدیجیان دەکات و دێرە شیعرێکی حافزی شیرازیش تێکەڵی نووسینەکەی دەکات، کە بریتییە لە: (تکیه بر جای بزرگان نتوان زد به گزاف/ مگر اسباب بزرگی همه آماده کنی)یە و تێیدا بەڵگە فیقهی و مەنتیقییەکان دێنێتەوە لەسەر بابەتی وشەی (ضمنی) کە پێشتر ئاماژەی پێدابوو وەك (اذا بطل الشیء بطل ما فی ضمنه) و (اذا بطل الشیء بطل ما فی ما یستند الیه شیء). هەروەها لە کۆتاییدا ئەو دێرە شیعرە بەناوبانگەی فارسی هێناوەتەوە کە دەڵێ: آن کس که نداند و نداند که نداند/ در جهل مرکب ابدالدهر بماند) وەك ئاماژەیەك کە موسدیجیان نازانێ کە نازانێ و بەو هۆیەوە لەنێو جەهلی مورەککەبدا ماوە. (ك-ی،1881/7/8،ص3)

لە ژمارە 969 دا، واتە دوای 55 ڕۆژ لە نەنووسینی کەیفی، ئەمجارە لە بن ستوونی (ادبیات) دا و بە ناوی (کیفی) نەك (ك-ی)، وەڵامی تروتێری داوەتەوە و ئاماژەی داوە کە کونسوڵ هێرشی کردۆتە سەر کوردستان و ئەویش بە شیعری (کەوا دارایی زەڕ کوتەک، کەمەر چین، جوببە گوڵناری/ کڵاو لار، چاو خومار، شیرین سوار، خاڵ میشکی تاتاری) شاعیری کورد (کوردی) وەڵامی دەداتەوە و هەشت دێرە شیعرەکەش وەردەگەڕێنێتە سەر تورکی.(کیفی،19شوال 1298،ص2)

لە ژمارە 974 کەیفی هەر بە ناوی خۆیەوە وەك تەواوکەری وتاری پێشووی، لەبن ستوونی (ادبیات) و بەناوی (جوابنامه منظوم) بە هێنانەوەی شیعرێك بە زاری گۆران وەڵامی (ترۆتێر) ی دەداتەوە، شیعرەکە (پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ/ دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ)ـە، کە

---

[6] ئەم بنەمایە لەو کتێبانە هاتووە کە لە مەدرەسەکانی کوردستاندا بە گرنگییەوە دەخوێندران، لەوانە: الفوائد الفناریة شرح العلامة شمس الدین الفناری علی متن ایساغوجی فی المنطق) و زۆر لە کتێبەکانی (المنطق).

هی مەولەوییە، بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بدا، لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکەیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە واتای شیعرەکەی سەرەتا بە زمانی تورکیی نووسیوەتەوە، پاشان دەقی شیعرەکەی بە کوردی داناوە.(کیفی،25شوال 1298،ص2)

لە ژمارە 1101 و 1102 دا کەیفی وتارێکی بەناوی (اظهار ذات البین) لە وەڵامی ڕەخنەیەکی عەبدولرەحمان سورەییا لەسەر کتێبی (بلاغت عثمانیه) نووسیوە، تێیدا زۆر بە وردی لەسەر هەندێ لە هەڵەکان وەستاوە و هەندێ وشەی وەك (تمدن)ی زۆر بەدرێژی لە ڕووی ڕۆنان و ئیتمۆلۆجییەوە لێکداوەتەوە و لە کۆتاییدا وەك ئەوەی بڵێ ئەوەی گوتم بەس بێ و ئەو کەس کەسە ئەلفێکی بەسە، بۆیە ئەو چوارینە بەناوبانگەی فارسی دێنێتەوە:

دل گفت مرا علم لدنی هوس است تعلیمم کن اگر ترا دست رس است

گفتم کە: الف،گفت :دگر؟ گفتم: هیچ در خانه اگر کس است، یک حرف بس است(کیفی،17-1882/2/18)

دوای ئەوە لە ژمارەی دواتر واتە لە ژمارە 1103 دا بەیەکەوە هەر یەك لە حیلمی، اسماعیل حقی، اسعد، سداد و هی تر وەڵامی کەیفییان داوەتەوە و پێیان وایە کەیفی لە هەموو لایەکەوە هێرشی کردووە.

لە ژمارە 1371دا، کەیفی زنجیرە وتارێکی چوار ئەڵقەیی بەناوی (جغرافیای بشری) دەنووسێت، کە تێیدا باس لە زانستی سولالەی بەشەر دەکات. ئەم ئەڵقەی بەسەر بەشەکانی (ظهور بشر، تقسیم بشر، سلالەی بشر و تشعبات) دابەش کردووە، تێیدا باسی لە دابەشییەکانی زمانی مرۆڤیش کردووە و لەنێویشیدا باسی زمانی کوردیش دەکات و لەنێو گەلەکانیشدا باسی لە (حامی، سامی، ئاریان) کردووە و لەنێو ئاریشدا ناوی کوردی هێناوە.(کیفی،1883/1/8،ص3)

لە ژمارە 1372 دا وەك تەواوکەری بابەتی ژمارەی پێشوو، باس لە زمانەکان دەکات و درێژتر باسی زمانی ئاریانیەکان دەکات و لە خشتەیەکدا نموونە بۆ حەوت زمان دێنێتەوە کە بریتین لە (فارسی، سانسکریتی، کوردی، ڕۆمی، ئەڵمانی، بولغاری و ئینگلیزی)، هەر وشەیەك بهێنێتەوە، واتای وشەکە بە زمانەکانی تر دەنووسێ، بەتایبەتی ئەو وشانەی کە زۆر لەیەکتر نزیکن. لەوانە وشەکانی (باوك، دایك، برا، ژن، دەرگا، پێ، ئاو، دار....هتد).

لە ژمارە 1373دا باسی کۆچکردن و جیابوونەوەی زمانەکان دەکات، لە بڕگەیەکیدا باسی (زەند)ەکان دەکات وەك کۆنترین گەلی ئێران و ئاماژە بەوە دەدا کە ئێستا لە کوردستانی عوسمانیدا لە کەناری ڕووباری سیروانەوە و لە ئێرانەوە (زەهاو) عەشیرەتێکی گەورەی کوردی زەندن، تەنانەت فارس، کورد، ئەفغان، بلووج و ئەرمەن؛ لە نەوەکانی زەندن.

لە ژمارە 1374 یشدا وەك تەواوکەری وتارەکەی پێشووتر باس لە شارستانیەت دەکات.

لە ژمارە 1375 دا وتارێکی کورتی لە نیو ستووندا لە بن بەشی (مواد فنیه)دا نووسیوە، تێیدا باسی لە واتای (Nuance)ی فەرەنسی کردووە و پێی وایە پێشتر وای گومان دەبرد کە واتاکەی بریتییە لە (لون متعین و لون غیر متعین)، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتووە کە ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا وشەی (نواندن)ی بۆ بەکاردێت و ڕەخنەیشی لەوە گرتووە کە بۆ ئەم وشەیە لە تورکی (چشد)یان بەکارهێناوە. لەو نووسینەدا باس لەوە دەکات کە ئەو ڕێزمانی ڕەسەنی کوردی دەزانێ!(کیفی،1883/1/12،ص2) هەر لەو ژمارەیەدا و لە تەنیشت ستوونەکەی کەیفی، محمود جلال الدین باسی واتای ئەو وشە فەرەنسییەی کردووە و وشەی (چشد) لە بەرامبەر بۆ بەکارهێناوە.

لە ژمارە 1383 دا لە ستوونێکدا کورتە نووسینێکی یەك پەرەگرافی کەیفی دەبینرێ، بە ناوونیشانی (چی بکەم ناتوانم ببمە شاعیر)(کیفی،1883/1/22،ص2-3)، دوای ئەوە لە چوار ستوونی درێژدا کە نیوەی لاپەڕەی سێیەمی ڕۆژنامەکەی گرتووە و بە ناوونیشانی (تأریخ ارض) زانستانە مێژووی زەوی، چین و پێکهاتەکانی باس دەکات. ئەم نووسینە کە لە 1883/1/22 بڵاوبۆتەوە، کۆتا

نووسینیەتی و سێ هەفتە دواتر کۆچی دوایی دەکات. داننانی کەیفی بەوەی کە ناتوانێ ببێتە شاعیر پاساوێکە بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئارەزووی خۆی بابەتی زانستی بنووسێ و خۆی لە شیعر دووربگرێ.

**3-شیعرەکانی کەیفی**

ئەگەر چی پێشتر وەك هەر شاعیرێکی دیکەی کلاسیك، کەیفیش بە چەند شیعرێکی کەمی ناسرا بوو، واتە ناوبانگی شاعیربوونەکەی لەپێش چەندێتی شیعرەکانی بوو، وێرای ئەوەی هیچ زانیارییەکیش لەبارەی ئەو نووسینانەی نەبوون کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێدراوە، ئەو چەند شیعرە کەمەی ئەو کە لە پەنجەکانی یەك دەست تێنەپەڕیون بوونەتە جێی سەرنجی توێژەران کە لە ریزی شاعیرەکانی سەردەمی خۆی بوونە. لە لایەکی تر دوو جار ناوهێنانی لە شیعری شاعیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی و هەروەها باسکردنی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی عوسمانی، هەموو ئەمانە گەواهی ئەوە دەدەن کە شیعرەکانی لە ئاستێکی بەرزدا بوونە، بەڵام ئەم شاعیربوونەی ڕێگەی لەوە نەگرتووە کە خۆی لە نووسینێکی ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت)دا بنووسێ (چی بکەم ناتوانم ببم بە شاعیر)!

بێگومان قۆناغی ژیانی کەیفی لە ئەستەنبوڵ و فێربوونی زمانی فەڕەنسی و کارکردن لە ڕۆژنامەیەك و نووسین لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا ئەو هەستەی لا دروست کردووە کە ئەرکی ئەو هەر تەنیا شاعیربوون نییە، بەڵکو ئەو بەشی زۆری نووسینەکانی ڕەخنەی زانستین لە بۆچوون و کتێب و بڵاوکراوەکان، لەو بارەدا بە پێویستتری زانیوە کە بە نووسین پەیامەکانی بگەیەنێت نەك بە شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا نامەی شیعری بۆ هاوڕێیەکی خۆی لە کۆیە و نامەی شیعری بۆ مەلا ئەحمەدی کلاشی، بەڵگەی ئەوەن کە ئەو لە شیعرنووسین بەردەوام بووە بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراو و ئەوەندەی گرنگی بە بوارەکانی تر داوە ئەوەندە نەیویستووە هەر لە چوارچێوەی شاعیربووندا بمێنێتەوە.

ئەگەر چی لێرە و لەوێ لەنێو سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبدا ژمارەیەکی کەم لە شیعرەکانی بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئێمە بە گەڕانەوەمان بۆ کەشکۆڵ و دەستنووسەکانی (دار المخطوطات العراقية) لە بەغداد و چەند کەشکۆڵ و دەستنووسێکی تر، دەستنووسی ئەم شیعرانەمان دەست کەوت کە بریتین لە هەشت شیعری کوردی و دوو شیعری فارسی، کە ئەمانەن: (خەیاڵی من کە عوقدەی زوڵفی ئەوبی ئەوبی وا نابێ)، (ئەم دڵ ڕەقە بێ ڕەحمە فەڕەنگێکی تەواوە)، (من دەزانم چاوەکانت مولکی دین وێران دەکەن)، (ئەو سیلسیلە وەك مشکی خەتا نێوی براوە)، (زیلەتت کامە دڵ خەستە کە خاکی بەردی)، (ئەی نووحی نەجاتم لە دەسی چەرخی جەفاکار)، (کافرە مەستە چاوەکەی غارەتی دین و دلبەرە)، (تورکی چاوم کە لەسەر مەسنەدی ڕۆمە بە غەزەب) و دوو شیعری فارسیش کە یەکێکیان (غلام که سگ آستانی دلدارم) و شیعرەکی تریش وەڵامەکەی کەیفییە بۆ شێخ ڕەزا.[7]

**14-ئەنجام**

-کەیفی بەر لە چوونی بۆ حەلەب، لە موسڵ ماوەتەوە و بۆتە مامۆستای سێیەمینی مەکتەبی ڕوشدییەی موسڵ. لە دەوروبەری ساڵی 1873 سەرەتای هاتنیەتی بۆ ئەستەنبوڵ، سەرەتا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی، بەشداری لە لیژنەیەکی وەرگێڕان و پێداچوونەوەی زمانی ئینجیلی (پەیمانی نوێ- چاپی تورکی) کردووە و بەهۆی هەوڵ و شارەزاییەکەی لە ڕێزمانی عوسمانیدا، ڕێزی لێ نراوە.

-کەیفی لە نێوان ساڵانی 1880 بۆ 1883 واتە لەنێوان (1880/3/16 بۆ 1883/1/22) لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقیقت) وتاری نووسیوە و ژمارەی وتارەکانی دەگەنە شازدە وتار.

---

[7] لەبەر درێژبوونی توێژینەوەکە و پێشتر باسکرانی لە چەند کتێب و کەشکۆڵێکدا، دەرفەت نییە لەسەر شیعرەکان بوەستین، دۆزینەوەیان سەرەتایەکە بۆ گەڕانی زیاتر بۆ پەیداکردنی شیعرەکانی تری.

-کەیفی لە سەرەتادا لە ڕۆژنامەکە بە ناوی (ك-ی) نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، دواتر کە لە لایەن قوتابییەکی مەکتەبی حقوقی شاهانەوە ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە بە دوو پیت ناوی خۆی نووسیوە، لەوە بەدوا واتە لە دوای ژمارە 914 ەوە، کەیفی وازی لە نازناوەکەی دەهێنێ و هەر بە ناوی (کیفی) نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە.

-کەیفی زمانی فەرەنسی زانیوە، ئەم فەرەنسیزانینەیشی لە ئەستەنبوڵ فێر بووە. وێڕای داننانی خۆی بە زانینی زمانەکە، لە وتارێکیشیدا ڕەخنەی لە هەڵە لێکدانەوەی واتای وشەیەکی فەرەنسی گرتووە.هەروەها لە بەشێك لەو وتارانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە، بەلای زمانی کوردیدا شکاندۆتەوە و تەنانەت بۆ واتای وشەیەکی فەرەنسی وشەیەکی کوردی لە بەرامبەر هێناوەتەوە، وێڕای ئەوەی لە باسکردنی مێژووی زمان و گەلاندا، زیاتر چۆتە سەر مژاری کورد و زمانەکەی.

-بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، کەیفی دوو شیعری (مەولەویی کورد و مستەفابەگی کوردی) لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقيقت) بڵاودەکاتەوە و هەردوو شیعرەکەیش لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەکەدا وەردەگێڕێتە سەر زمانی تورکی، بەمەش دەبێتە یەکەم وەرگێڕی شیعری کوردی بۆ تورکی کە لە ڕۆژنامەی عوسمانی بڵاوبووبێتەوە، هەروەها بە حەڤدە ساڵ پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، دەقی شیعری کوردی لە ڕۆژنامەی عوسمانی بڵاوکردۆتەوە.

-زۆربەی نووسینەکانی کەیفی، نووسینی ڕەخنەیین و تێیدا ڕەخنەی لە نووسینی ڕۆژنامەکە گرتووە و هەروەها هەڵسەنگاندنی بۆ کتێبە چاپکراوەکان کردووە، بەتایبەتیش ئەو کتێبانەی دەربارەی ڕێزمانی عوسمانی و عەرەبین.

-کەیفی ماوەیەك بە ڕەسمیی لە ڕۆژنامەی (ترجمان حقيقت) کاری کردووە، دواتر لایدەدەن و پارێزەرێك دەخەنە شوێنی.

-کەیفی لە کاری پارێزەرایەتی شارەزا بووە و وەك پارێزەرێك بەدواداچوونی بۆ کێشەیەك کردووە و بە دانپێنانی پارێزەرێك ئەوەی ئاشکراکردووە کە کەیفی لەو پارێزەرترە.

-کەیفی لە هەفتەی دووەمی مانگی شوبات واتە لە دەوروبەری 1883/2/10 لە ئەستەنبوڵ بەهۆی نەخۆشی خوێنبەربوونی مایەسیری کۆچی دوایی کردووە و بەو بۆنەوە ڕۆژنامەی (ترجمان حقيقت) هەواڵەکەی ڕاگەیاندووە و بە پەسنێکی زۆریشەوە پایەی کەیفی بەرزنرخاندووە.

-لە بواری شیعردا کەیفی لە ریزی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی دادەنرێت و تا ئێستا بە گەڕانەوە بۆ دەستنووسخانە و کەشکۆڵەکان، هەشت شیعری کوردی و دوو شیعری فارسیی ناوبراو دۆزراونەتەوە.

## 15-سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**


باپیر، عەلی کەمال (1970). شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی.

تاڵەبانی، شێخ ڕەزا (2010). دیوان، شێخ محمدی خاڵ، ملاجەمیل ڕۆژبەیانی، د.نوری تاڵەبانی، محمدعەلی قەرەداغی، ئاراس، هەولێر.

خەزنەدار، مارف (2004). مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، بلاوکراوەی ئاراس. هەولێر

ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل (2005). وڵاتەکەت بناسە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

ژین، (1947). غزلێکی کەیفی جوانڕۆیی، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە 896، سلێمانی.

سجادی، علاءالدين (1952)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغدا.

شارەزا (1958). بیرەوەری شاعرە نەمرەکانمان: کەیفی جوانڕۆیی، گۆڤاری پێش کەوتن- التقدم-، ژمارە 33، 8ی تشرینی دووەم.

عبدالواحد، ئازاد (1976). ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

فیضی بگ، امين (1329). انجمن اديبان كرد، مطبعه ترجمان حقيقت، اسطنبول.

فەتاح، شاكیر (2004)، سەرجەمی بەرهەم، كۆكردنەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی سێیەم، ئاراس.هەولێر.
كۆیی، حاجی قادر (1390). دیوان، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی سەردار حەمید میران و كەریم موستەفا شارەزا، كردستان، سنندج.
محەمەد، مەسعوود (1970). كەیفی جوانڕۆیی، گۆڤاری دەفتەری كوردەواری، ژمارە 2، بەغدا.
محەمەد، مەسعوود (2010). حاجی قادری كۆیی، بەرگی دووەم، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.
محەمەد، مەسعوود (2010). حاجی قادری كۆیی، بەرگی سێیەم، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.
محەمەد، مەسعوود (2010)، كەیفی جوانڕۆیی بەشێك لە كتێبی كەوچكێك شەكر بۆ قاوەی تاڵ، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.
موكریانی، گیو (2019). گولچنی گیو، بژاركردن و زێدەكردنی كوردستان موكریانی، بەرگی دووەم، هەولێر.
مەعسووم،خدر (2022). مزگەوتی مەلا مەعسووم، گۆڤاری كەكۆن، ژمارە 70. كۆیە.
مەلا، نەجمەدین (؟). دەستخەت.
مەلاكەریم، محەمەدی، (2017). سەرجەمی بەرهەم، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی موەفەق میراودەلی، بەرگی سێیەم، سلێمانی.
نوری، عوســـمان (2013). كەیفی شـــاعیری لەبیركراوی تاراوگەنشـــین، گۆڤاری هەنار، ژمارە 94، نۆڤەمبەری 2013. سلێمانی.
هاشمی، سەید تاهیر(؟). مەلا كەیفی جوانڕۆیی، (دەستخەت)

**بە زمانی فارسی:**

سلطانی، محمد علی (1369). حدیقەء سلطانی- ، جلد دوم، چاپ اول، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیە.
میراحمدی، فریدون، (2010). جوانرود در گذر تأریخ. دەزگای رۆشنبیری گۆران.

**بە زمانی توركیی عوسمانی:**

ادریس، (16 شعبان 1298). تركچە بیلمز، ترجمان حقیقت، عدد 919.
كوثر، مغنیسادە كرد قیزی (9ی شعبان 1332). هەتاوی كرد رسالسنە، هەتاوی كورد، ژمارە 10. اسطنبول.
ك-ی، (1881/5/12). ورقە، ترجمان حقیقت، عدد 865، 12 جمادی الاخر 1298.
ك-ی، (1881/5/17). بێ ناوونیشان، ترجمان حقیقت، عدد 869، 18جمادی الاخر 1298.
ك-ی، (1881/7/2). مواد فنیە، ترجمان حقیقت، عدد 909، 4 شعبان 1298.
ك-ی، (1881/6/23). تصحیحات، ترجمان حقیقت، عدد 901، 25 رجب 1298.
ك-ی، (1298/3/6). مواد فنیە، ترجمان حقیقت، عدد 785.
ك-ی، (1298/3/8). بیر مسئلە ریاضیە، ترجمان حقیقت، عدد 787، (8ی شوبات 1881).
ك-ی، (1881/7/8). اغز صاتماق، ترجمان حقیقت، عدد 914، 10 شعبان 1298.
كیفی، (1883/1/12) مواد فنیە، ترجمان حقیقت، عدد 1375.
كیفی، (17-18 شباط 1882). اظهار ذات البین، ترجمان حقیقت، عدد 1101 و 1102.
كیفی، (19 شوال 1298). ادبیات، ترجمان حقیقت، عدد 969.
كیفی، (25 شوال 1298). ادبیات (جوابنامە منظوم)، ترجمان حقیقت، عدد 974.
كیفی، (26 ربیع الاخر 1297). استفادە نیتیلە افادە، ترجمان حقیقت، عدد 545.
كیفی، (1883/1/8). جغرافیای بشری، ترجمان حقیقت، عدد 1371، 28 صفر 1300.
كیفی،( 1883/1/22). نەیابەیم! شاعر اولەمیورم، ترجمان حقیقت، عدد 1383.
م. م. (1337/4/28). ادبیات كردیەدن بعض نمونەلر، كوردستان، عدد 1، 30ی كانونی دووەمی 1335.
مواد فنیە- بیر مسئلە ریاضیة، ك- ی، ترجمان حقیقت، عدد 787، 9 ربیع الاول 1298.

موسديجيان، ارتين. م. (8شعبان 1298). مواد فنيه، ترجمان حقيقت، عدد912.
ناجم، عبدالرحمن (1881/9/28). بريطانيا كنسولوسنه جواب، ترجمان حقيقت، عدد 982.

**بە تیپی لاتینی (تورکی، ئینگلیزی، فەڕەنسی)**

A History of Turkish Bible Translations Annotated chronology with historical notes and suggestions for further research: http://historyofturkishbible.wordpress.com/

Arslan, M. (2016). Hacî Qadirê Koyî: Serencema Dîwana wî Li Stembolê Û Hevaltiya wî Bi Keyfî Re . The Journal of Mesopotamian Studies , 1 (1) , 91-101

Arusoğlu,Sezai (1988). Türkiye'de Fransızca basın, Yüksek Lisans tezi, İstanbul Üniversitesi / Sosyal Bilimler Enstitüsü / Gazetecilik ve Halkla İlişkiler Ana Bilim Dalı,. İstanbul.

Bliss, Isaac G.(1883). Twenty-Five Years in the Levant. American Bible Society.

Cooper, A. A. (1901). The Story of the (Osmanli) Turkish Version, with a Brief Account of Related Versions. London: The British and Foreign Bible Society.

Darlow, T. H. (Thomas Herbert), Moule, H. F. (Horace Frederick), and Jayne, Historical catalogue of the printed editions of Holy Scripture in the library of the British and Foreign Bible Society. Arthur Barland. Volume 2, part 3. Publisher: Kraus Reprint Corp.1903. s.595.

Demirci,Neşe (2012). Tercüman-ı Hakikat gazetesi (1- 1500. sayılar), İnceleme ve seçilmiş metinler, Sivas, Cumhuriyet Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü. Yüksek Lisans Tezi.sivas.

Gönenç ,E. Ö.(2012). "Türk Basininda Fransiz Modeli Ve Etkileri", *İstanbul Üniversitesi İletişim Fakültesi Dergisi* | *Istanbul University Faculty of Communication Journal*, vol. 0, no. 19, Jan.

https://hristiyankitaplar.com/sites/hristiyankitaplar.com/files/epub_content/75/final_split_052.html

Nort, M. Eric.( 1938). The Book of a Thousand Tongues. New York and lendon; for the American Bible Society publishers Harper & brothers.

Veroj,Seid (2017). Abdurehman Nacîm Edîb,Şaîr,Perwerdekar û Hiqûqnas.weşana îsmail Beşkçi. Istanbul.

**كۆدی بەڵگەنامەی عوسمانی:**

MF.MKT.00030.00078.001
MF_MKT__00009_00068_001_001

**نموونەی بەڵگەنامەی عوسمانی**



MF.MKT.00009.00068.001